

# له پەراوێزی دیداری

# نێچیرڤان بارزانی، لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن،

# لەکۆشکی ئێلیزێ

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی



**له پەراوێزی دیداری**
**نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن،**
**لەکۆشکی ئێلیزێ**

## پێڕست:


١- سەدەیەک له پەیوەندیی فەرەنسا و کورد! .......................... عادل باخەوان .......... ٣

٢- عەلی دۆڵەمەری: ماکرۆن پێگە و بایەخی نێچیرڤان بارزانی باش دەزانێت .................. ئاڵا شاڵی .......... ٨

٣- وەدیع بەتی؛ باڵیۆزی عێراق له فەرەنسا له هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئاڵا شاڵی .................. ڕووداو .......... ١٦

٤- هەڤپەیڤینی ڕووداو لەگەڵ ڕێمی فێرۆ سێناتۆرێکی فەرەنسی .................. ئاڵا شاڵی .......... ٢٢

٥- عادل باخەوان: ئێستا کورد لەنێو دروستکردنەوەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایه .......... ڕووداو .......... ٣٠

٦- میوانی ئێلیزێ .................................................. ئاریان فەرەج .......... ٣٣

٧- سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ پاریس: فەرەنسا و تەنیاییی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان ..........
.................................................. د. پەرویز ڕەحیم قادر .......... ٣٦

٨- ڕەهەندەکانی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پاریس .................. کارۆخ خۆشناو .......... ٤٢

٩- گەڕان به دوای دابینکردنی بەرژەوەندییەکان به ڕێگەی هێزی نەرمەوە .................. قەرەنی قادری .......... ٤٧

١٠- گفتوگۆی ماکرۆن و نێچیرڤان بارزانی، ئاڵوگۆڕێکی دیپلۆماسیی واتادار .................. جۆرا سولەیمان .......... ٥١

## سەدەیەک لە پەیوەندیی فەرەنسا و کورد!




**عادل باخەوان، بەڕێوەبەری ناوەندی فەرەنسی بۆ توێژینەوە لەسەر عێراق**

رۆژی هەینی، ٢٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، سەرۆک ماکرۆن لە کۆشکی ئێلیزێ پێشوازی لە سەرۆکی حکومەتی عێراق کرد. ٢٠ رۆژ دواتر، لە ١٦ی شوبات هەر لە کۆشکی ئێلیزێ، سەرۆک ماکرۆن پێشوازی لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد. رۆژی هەینی، ١٣ی ئۆکتۆبەر و بۆ یەکەم جار، ئیمانوێل ماکرۆن پێشوازی لە محەممەد حەلبووسی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کرد و سبەینێش، رۆژی هەینی، ٣ی تشرینی دووەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە کۆشکی ئێلیزێ و لە لایەن سەرۆککۆماری فەرەنساوە پێشوازی لێ دەکرێت.

هەموو ئەم پێشوازییانە گەر مانایەکیان هەبێت، بە دڵنیاییەوە بریتییە لەو گرنگییە فراوانەی کە پاریس بە عێراق و لەنێو عێراقیشدا بە هەرێمی کوردستانی دەدات. راستە لەسەر ئاستی تیۆری، سەرۆکی حکومەتی عێراق و سەرۆکی پەرلەمانی عێراق گوزارشت لە هەموو عێراق دەکەن، بەڵام ئەوەش راستە کە لەسەر ئاستی پراکتیکی، سەرۆکی حکومەت نوێنەرایەتیی شیعە لە عێراق و سەرۆکی پەرلەمان نوێنەرایەتیی سوننە لە عێراقدا دەکەن. لێرەوە، ئەگەر فاکتەکان وردبکەینەوە، دەبینین، لە ماوەی ئەم ساڵەدا، یەک شیعە و یەک سوننە لەلایەن کۆشکەوە پێشوازییان لێکراوە، بەڵام دوو

كورد پێشوازییان لێكراوه، له كاتێكدا كورد، له باشترین دۆخدا ٢٠%ـی عێراق تێناپەڕێنێت. ماناكانی ئەم بایەخدانە بە كورد لەنێو عێراقدا چین و، چۆن لێیان تێبگەین؟ ئەم وتارە گەڕانەوەیە بۆ سەدەیەك له پەیوەندیی نێوان كورد و فەرەنسا.

## ژەنەراڵ شەریف پاشا و پاریس

سەرەتای پەیوەندییەكانی نێوان كوردستان و پاریس لەو چركەساتەوە دەستپێدەكات كە شەریف پاشا دەگاتە فەرەنسا بۆ بەشداریكردن له كۆنفرانسی ئاشتی كه ساڵی ١٩١٩ له ناوچەی پاریس دەستپێدەكات و ١٩٢٠ بە پەیماننامەی سیڤەر كۆتایی پێ دێت. ژەنەراڵ شەریف پاشا، كه فەرەنسیزانێكی زۆرباش بوو، ماوەیەكی درێژ له پاریس مایەوە و یاداشتنامەیەكی ١٩ لاپەڕەیی زۆر بەهێز و قووڵی بۆ كۆنفرانس ئامادەكردبوو كه من دەقەكەیم بە فەرەنسی لایە. بەداخەوە، سەرەڕای هەوڵێكی زۆر بۆ چوونە نێو هۆڵی كۆنفرانسەوە، زلهێزەكانی بەشدار رێگەیان نەدا كە خودی خۆی بیخوێنێتەوە، بەڵام یاداشتنامەكەی بەسەر هەموو بەشداربووواندا دابەشكرا و چەسپاندنی مافی دەوڵەتی كوردیش له بڕگەی ٦١، ٦٢ و ٦٣ی پەیماننامەی سیڤەردا، بەشێكی گرنگی بۆ لۆبیكردنی ژەنەراڵ شەریف پاشا كه خەڵكی سلێمانی بوو، دەگەڕێتەوە.

## ژەنەراڵ بارزانی و ژەنەراڵ دوو گۆل

پاش چركەساتی پەیماننامەی سیڤەر و دواتر لۆزان و شكستهێنانی پڕۆژەی دەوڵەتی كوردی، پەیوەندییەكانی نێوان فەرەنسا و كوردستان له رووبەری سیاسییەوە گوزەر دەكات بۆ رووبەری توێژینەوەی ئەكادیمیی فەرەنسی لەسەر كورد و تێگەیشتن له كورد وەك نەتەوە و كۆمەڵگە و گەل و خاك و مێژوو، تا ساتەوەختی ژەنەراڵ بارزانی.

له كۆتایی شەستەكانی سەدەی رابردوودا و دیسان ئەم پەیوەندییە، فۆرمێكی سیاسی وەردەگرێتەوە، بەتایبەتی كاتێك كە عێراق دەیەوێت له رێگەی گرێبەستێكەوە، چەند فڕۆكەیەكی جەنگی له پاریسی ژەنەراڵ دوو گۆل بكڕێت، لەو ساتەوەختەدا، وەك جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی بۆی باسكردم، ژەنەراڵ بارزانی نامەیەكی نووسراو بۆ خودی ژەنەراڵ دوو گۆل دەنێرێت و داوای لێ دەكات كه بڕگەیەك بخرێتە نێو ئەو گرێبەستەوە كه عێراق ناچاربكات، ئەو فڕۆكانە دژی گەلی كورد بەكارنەهێنێت و ژەنەراڵ دوو گۆلیش ئەمەی قبووڵكرد، له كۆتاییشدا، ئەم بڕگەیە وایكرد كه كۆی گرێبەستەكە هەڵبوەشێتەوە.

واتە پرسی کورد، یەکێک لە گرێبەستە ئابووری و سەربازییەکانی نێوان پاریس و بەغدای، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا هەڵوەشاندووەتەوە! بە دڵنیاییەوە ئەمە رووداوێکی گرنگە بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی وەک کورد و بەداخەوە وەک پێویست نە باسکراوە و نە کێڵگەی ئەکادیمیی کوردیش کاریان لەسەر کردووە.

## فەرەنسا و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، گریمانەی لەنێوچوونی کورد وەک گرووپێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراقدا لە ئارادابوو. کاتێک کە سەدام حوسێن لە مانگی ئابدا کوەیت داگیر دەکات و دواتر رووبەڕووی جەنگ دەبێتەوە، پاشان کوردستان ئازاد دەکرێت، بەڵام سوپای عێراق سەرلەنوێ پەلاماری دەداتەوە و کۆڕەوی کورد دەستپێدەکات.

لەو چرکەساتە تراژیدییە ترسناکەدا، فەرەنسای فرانسوا میتران پەنا بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش دەبات و لە رێگەی بڕیارێکی نێونەتەوەییەوە، ناوچەیەکی ئارام لە کوردستان دروستدەکرێت. ساڵێک دواتر، ئەم ناوچە ئارامە دەبێتە سەرزەمینی لەدایکبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لێرەوە، جۆرێک لە پابەندبوونی ئەخلاقیی فەرەنسی لە بەرامبەر هەرێمی کوردستاندا دروستدەبێت و هەر ئەمەش وادەکات کە کاتێک جەنگی براکوژی لە ١٩٩٤ دا دەستپێدەکات، دیسان فەرەنسا دێتە پێشەوە و پارتی و یەکێتی لە ناوچەی پاریس کۆدەکاتەوە و لە ژوورە داخراوەکاندا چەندین کۆبوونەوەیان پێ دەکات.

رۆژێک جەنابی کاک نەوشیروان مستەفا بۆی باسکردم کە تائێستاش، وێنەی دیپلۆماتە فەرەنسییەکانم لەبەرچاوە کە چەند لە ئێمە زیاتر خەمی ئەوەیان بوو کۆتایی بە جەنگی براکوژی بهێنین، وەک ئەوەی کە جەنگەکە لە فەرەنسادا بووبێت نەک لە هەرێمی کوردستان.

## فەرەنسا و جەنگی داعش

لە مانگی ئابی ٢٠١٤ دا، سوپاکەی داعش تەنیا ١٥ کیلۆمەتر لە هەولێری پایتەختەوە دووربوو. لە دامەزراندنی هەرێمی کوردستانەوە تا ٢٠١٤ هەرگیز مەترسیی وجودیی بەمشێوەیە رووبەڕووی نەببووەوە. لە ساتەوەختێکی ئاوادایە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕیار دەدات هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش پێکبهێنێت و پاش ئەمریکاش وەک هێزی یەکەم، فەرەنسا دەبێت بە هێزی دووەمی ئەم هاوپەیمانێتییە کە تائێستاش بەردەوامە. تەنانەت جەنابی سەرۆککۆماری فەرەنسا، لە یەکێک

لە لێدوانەکانیدا دەڵێت، گەر هێزەکانی ئەمریکاش لە عێراق و هەرێمی کوردستان بکشێنەوە، ئێمە هەر دەمێنینەوە و ئێرە بەجێناهێڵین.

راستە ئامادەیی سەربازیی فەرەنسی لە هەرێمی کوردستان و رۆژئاوای کوردستاندا، رەنگە لەرووی چەندایەتییەوە رێژەیی بن، بەڵام لەڕووی چۆنایەتییەوە بەگشتی و دیوە دیپلۆماسییەکەی ئەم ئامادەییە سەربازییە بەتایبەتی، بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی وەک کورد، زۆر گرنگە و یەکەم ئەرکی هەرێمی کوردستانیشە کە کۆی جەستەی دیپلۆماسیی خۆی بخاتەکار، بۆئەوەی هەموو میکانیزمەکان بۆ فراوانکردن و چڕکردنەوەی بگرێتەبەر.

## فەرەنسا و دەرئەنجامەکانی پاش گشتپرسیی سەربەخۆیی

پاش گشتپرسیی سەربەخۆیی، هەرێمی کوردستان لە هەموو روویەکەوە سەختترین گەمارۆی خرایەسەر و چەندین وڵاتی سیستمی هەرێمایەتی و جیهانیش، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی ئەم گەمارۆیەبوون. ئەم گەمارۆیە لە یەککاتدا ئابووری، سەربازی، ئەمنی، سیاسی و دیپلۆماسیش بوو. بە پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، عەبادی وەهمێکی گەورەی بۆ دروستببوو کە دەتوانێت بڕیاری دەستگیرکردنی سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان بدات.

بێگومان هۆکارەکانی بەتاڵکردنەوەی ئەم وەهمەی عەبادی زۆرن کە ناکرێت لە گوتارێکی کورتی وادا باسبکرێن، بەڵام یەکێک لەو هۆکارە هەرە گرنگانە ئەوەبوو کە خودی ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەرەنسا هاتە سەر هێڵ و گەورەترین گورزی کاریگەری لەو گەمارۆیەدا و دیسانەوە، وەک چۆن لە ساڵی ١٩٩١ دا کوردیان لە عێراقی سەدام حوسێن پاراست، ئاواش لە ٢٠١٧ دا کوردیان لە عێراقی حەیدەر عەبادی پاراست و بە فڕۆکەیەکی تایبەت جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەیان هێنایە پاریس. لەنێو کۆشکی ئێلیزێدا و بە ئاڵای کوردستانەوە پێشوازییان لێکردن و لەوەش زیاتر، کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانی لەگەڵیاندا سازدا و بەهەموو جیهانی گوت: ئێمە هەرێمێکی کوردستانی بەهێزمان لەنێو عێراقێکی یەکگرتوودا دەوێت. ئیدی لەم چرکەساتەوە، برا عێراقییەکانی کورد تێگەیشتن لەوەی قوتدانی هەرێمی کوردستان بەو ئاسانییە نییە کە بیری لێ دەکەنەوە!

## پاریس و هەولێر لە ئێستا و ئێرەدا

لەم چرکەساتەدا رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گڕیگرتووە، رۆژ لەدوای رۆژ، جەنگی نێوان ئیسرائیل و حەماس رادیکاڵتر دەبێت. لوبنان و سووریا و یەمەن و عێراق لە کوڵانێکی سەربازی و ئەمنیی بێوێنەدان. وڵاتانی عەرەب، تەنانەت هەرە دۆستەکانی

ئەمریکا و ئەوروپاش، مەودایەکی فراوانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا وەرگرتووە و لە ئەمریکا و ئەوروپاش تووڕەن. ئێران لەیەککاتدا یاری لەسەر چەندین هێڵ دەکات و پێیوایە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر بەهێزترە و تەنانەت ژەنەراڵێکی ئێرانی دەڵێت: یەکەم جارە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا ئێمە چوار پایتەختی عەرەبی بەڕێوەبەرین کە بریتین لە بەغدا و بەیرووت و دیمەشق و سەنعا.

تورکیای ئەردۆغان ١٨٠ پلە سیاسەتی خۆی لە بەرامبەر ئاگری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا گۆڕیوە و دەکرێت چاوەڕوانی گۆڕانی زیاتریش لە چەندین وڵاتی دیکە بکەین. بەکورتی، کۆی زلهێزە هەرێمایەتی و جیهانییەکان، سەرلەنوێ ستراتیژیەت و سیاسەتی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بنیادەکەنەوە. لە ساتەوەختێکی ئاوادایە کە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەردانی پاریس دەکات و لەگەڵ سەرۆککۆماری فەرەنسادا کۆدەبێتەوە. پرسەکان زۆر زۆرن، بەڵام پرسی هەموو پرسەکان بریتییە لەمەی خوارەوە: چۆن هەرێمی کوردستان بپارێزرێت لەو ئاگرەی کە دەکرێت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بسووتێنێت!

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣**

## عەلی دۆڵەمەری: ماکرۆن پێگە و بایەخی نێچیرڤان بارزانی باش دەزانێت



**عەلی دۆڵەمەری – ئالا شاڵی**

**عەلی دۆلەمەری، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئالا شاڵی، نێردراوی تۆڕی میدیایی ڕووداو بۆ فەرەنسا کە شەوی پێنجشەممە، ٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ پەخشکرا.**

**هەڤپەیڤینی ڕووداو لەگەڵ عەلی دۆلەمەری، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا:**

**ڕووداو:** بینەران و بیسەرانی ڕووداو سڵاوتان لێ بێت. لە پاریسم، پایتەختی ئەو وڵاتەی کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە و پێگەیەکی گرنگی هەیە لەنێو یەکێتیی ئەورووپادا. بڕیارە جارێکی دیکە، میوانداری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکاتەوە. لەمبارەیەوە، لەگەڵ بەڕێز عەلی دۆلەمەری، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا، گفتوگۆ دەکەم. کاک عەلی سڵاوت لێ بێت، زۆر سوپاس بۆ ئەم چاوپێکەوتنە. دەمەوێت بزانم کەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک ماکرۆن کۆدەبنەوە؟ ئامانجی سەردانەکەی و تەوەرە گرنگەکانی گفتوگۆکانیان چی دەبێت؟

**عەلی دۆلەمەری**: بەڵێ، سوپاس بۆ ئێمە و سڵاو بۆ بینەران و بیسەرانی تۆڕی میدیایی رووداو. ئێوەش دەزانن ئەم سەردانە زۆر گرنگە، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی سەرۆک ماکرۆن ئەم سەردانە دەکرێت و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی پاریس دەکات و لەگەڵ بەڕێزیان کۆدەبێتەوە. کۆبوونەوەکە، بەیانی رۆژی هەینی دەکرێت، کۆبوونەوەیەکی گرنگ دەبێت. لای هەمووان روونە، ئەمڕۆ جیهان بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت. چەندین بەرەی شەڕ هەیە، شەڕی ئۆکراینا و رووسیا لە ئارادایە. شەڕی ئازەربایجان و ئەرمینیا بەردەوامە و ئێستاش شەڕێکی نوێ سەریهەڵداوە و لە نزیک ئێمەیە کە شەڕی حەماس و ئیسرائیلە. بۆیە ئەم سەردانە گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە. لەلایەکی دیکەشەوە، بەهۆی کۆرۆناوە پەیوەندیی دەرەوەی کورد لەگەڵ جیهان کەم بووبوو و دواتر شەڕی رووسیا و ئۆکراینا هات. لەم نێوەندەدا فەرەنسا جارێکی دیکە وەک پێشەی هەمیشەییان، بانگهێشتی فەرمییان ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردەوە بۆ ئەوەی باس لە بارودۆخی ناوچەکە، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق بکات چونکە هەم عێراق و هەم کوردستان بۆ فەرەنسا جێگای بایەخە و گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە. ئاسایش و سەقامگیریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نە بەبێ عێراق نە بەبێ هەرێمی کوردستان ناکرێت. بۆیە لەم روانگەیەدا سەرۆک ماکرۆن، پێگە و بایەخی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان باش دەزانێت کە دەیەوێت سەقامگیریی و ئاشتیی لەگەڵ عێراق و ناوچەکە بەدەست بهێنێت. هاوکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق، لەگەڵ تورکیا و لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەش باشە .

**رووداو:**: دەمەوێ بزانم، عێراق کێشەی زۆری هەیە و تاوەکو ئێستاش کێشەی زۆری لەگەڵ هەولێر بەهەڵپەسێردراوەیی ماونەتەوە. فەرەنسا چۆن دەڕوانێتە رۆڵی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەم نێوەندەدا بەتایبەتی لەگەڵ عێراق و ناوچەکە و بەتایبەتیشی لە نێوان هەولێر و بەغدا.

**عەلی دۆلەمەری**: وەک روونە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنەکەی لەم پۆستەیدا رۆڵێکی زۆر گرنگی بینی لە زۆربەی کایەکاندا. هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئێستا بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق و چارەسەرکردنی کێشە قووڵەکان و دەتوانێت رۆڵی کاریگەر ببینێت بەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی عێراق بە شیعە و سوننە و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی عێراق و تەنانەت هەر لە ناوخۆی کوردستانیشەوە پەیوەندی ناوازەی لەگەڵ سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان هەیە. لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەریش پەیوەندییەکی زۆر باشی هەیە. لەسەر هەمان ئاست لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و هەرێمیش کاریگەری خۆی هەیە. ئیدی سەرۆک ماکرۆن درک بەم کاریگەرییە ئەرێنییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات، بەو رۆڵ و پێگەیەی بەڕێزیان هەیەتی و دەتوانێت جێگای خۆی ببینێت لەو بارودۆخەی ئێستا لە ناوچەکەدا دەگوزەرێت. لانیکەم دەتوانێت رۆڵی کارا بگێڕێت لە دەستەبەرکردنی ئاسایش و

سەقامگیری و باشترکردنی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا .

**رووداو:** بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دیکە چ رۆڵێکی هەیە بەتایبەتی لە گفتوگۆکردنی لەگەڵ بەغدا؟ لەو باوەڕەدان ئەم سەردانانە و گفتوگۆیانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی جیهان دەیکات چەند کاریگەری دەبێت لەبارەی گفتوگۆکانمان لەگەڵ بەغدا؟

**عەلی دۆلەمەری:** بێگومان کاریگەری دەبێت. بەڕێزتان لە سەرەتادا باستان لەوەکرد، فەرەنسا ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە و بەهاوبەشی لەگەڵ ئەڵمانیا سەرکردایەتیی یەکێتیی ئەورووپا دەکات. بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن سەرۆکی وڵاتێکی زلهێزی وەکو فەرەنسا بێگومان کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بەوپێیەی ئەمڕۆ هەولێر پشتیوانییەکی زۆر بەهێزی هەیە بۆ نموونە لەگەڵ فەرەنسا و سەرۆک ماکرۆن بەتایبەتی کە لە ساڵی ٢٠١٧دا رۆڵێکی باڵای گێڕا لە شکاندنی ئەو ئابڵووقە و سزایانەی بەسەر هەرێمی کوردستان سەپێندرابوو. هەروەها بەردەوام کاریکردووە بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و ئێستاش هەوڵ دەدات پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هەردوو پایتەختی فیدراڵ و پایتەختی هەرێمی کوردستاندا هەبێت، چونکە سەرۆک ماکرۆن دەزانێت، نەبوونی پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەولێر و بەغدا ئەستەمە ئاسایش و سەقامگیری بەدەست بهێندرێت .

**رووداو:** دوایین سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پاریس لە 2019 بوو. ئێمەش ڕووماڵی سەردانەکەمان کرد. پاریس و هەولێر بوونە دەستەخوشکی یەکدی. لەدوای ئەمە هیچ چالاکییەکی ئەوتۆ لەنێوان پاریس و هەولێر روویندا. ئەمە هۆکارەکەی چی بوو؟

**عەلی دۆلەمەری:** نەخێر، بەپێچەوانەوە شتی باش روویداوە، ئەو رێککەوتننامەی لەنێوان هەولێر و پاریس واژۆکرا بۆ ئەوەی پاریس بتوانێت یارمەتی هەولێر بدات. چەند شاندێکی تەکنیکی لە هەولێرەوە سەردانی پاریسیان کردووە، بەتایبەتی لەبوای شارسازیی و بەڕێوەبردنی چەندین پرۆژە. نوێترینیان رێڕەوی پاسکیلسواری کە بەمدواییانە لە هەولێر کرایەوە. هەروەها لە مانگی ئایاری ئەم ساڵدا سەرۆکی شارەوانی پاریس سەردانی هەولێری کرد و بڕیاریدا یەکێک لە خانووە هەرە دێرینەکانی قەڵای هەولێر لەسەر ئەرکی شارەوانیی پاریس نۆژەن بکاتەوە. هەروەها سەرۆکی شارەوانیی پاریس بەفەرمی هەولێری بانگهێشتکردووە بۆ بەشداریکردن لە رێوڕەسمی کردنەوەی ئۆلۆمپیادی ساڵی ٢٠٢٤ و چەندین کۆبوونەوەی گرنگی دیکەش لەنێوان هەولێر و پاریس لە زۆر بواردا کراون. هەروەها بەشێکیان خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام رەنگە راگەیاندنەکان بەپێی پێویست دەرفەت و بواری رووماڵکردن و گواستنەوەیان نەبووبێت. بۆیە

دەڵێم، پەیوەندییەکان لەنێوان هەولێر و پاریس بەردەوامە .

**ڕووداو:**: کەواتە، ئەم پەیوەندییە هەنگاوی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەگوێرەی ئەو چالاکییانەی بەڕێزتان ئاماژەتان بۆ کردووە؟

**عەلی دۆلەمەری**: بەڵێ بێگومان ئەم هەنگاوانە و پەیوەندییانە بەردەوامە. بەتایبەتی لە دوای 2019 کاتێک ئەم ڕێککەوتننامەیە واژۆکرا کۆرۆنا سەریهەڵدا و دوای ئەوەش شەڕی ئۆکراینا و ڕووسیا دەستیپێکرد و ئێستاش ئەم شەڕە هاتووەتەکایەوە، بەڵام سەرباری هەموو ئەم ئاڵنگارییانە کەچی هەولێر و پاریس هەمیشە لەسەر هێڵ بوونە چ بە ئۆنلاینەوە بێت چ بە سەردانیکردنی یەکدی بووبێت .

**ڕووداو:**: فەرەنسا بەشدارە لە هەوڵەکانی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام بە گشتیی فەرەنسا و وڵاتانی دیکەش نیگەرانن بەوەی کە پرۆسەکە بە سستی بەڕێوەدەچێت. فەرەنسییەکان چۆن بیر دەکەنەوە کە باس لەم پرۆسەیە دەکرێت بەتایبەتی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە؟

**عەلی دۆلەمەری**: فەرەنسا دەخوازێت هەمیشە پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەولێر و بەغدا هەبێت. هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش پەیوەندییەکی باش لەنێوان هێز و لایەنە سیاسییەکاندا هەبێت، چونکە یەکگرتوویی پارتە سیاسییەکان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەغدا. بۆیە هەمیشە فەرەنسا بیری ئەوە دەکات کە عێراقێکی بەهێز لەناوخۆدا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەهێزیش هەبێت بۆ ئەوەی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بەدی بکات لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا. ئەمە پەیامی سیاسیی فەرەنسایە بۆ ئەوەی کورد بە یەکگرتوویی داوای مافەکانی خۆیان لە چوارچێوەی دەستووری عێراق بکەن. هەروەها لەگەڵ حکومەتی بەغدا پەیوەندییەکانیان باش بێت و هەمیشە پشتگیری لەم سیاسەتە دەکەن و لە سەرجەم ڕاگەیێندراوەکانیشیاندا جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێ حکومەتی عێراق سەرجەم مافە ڕەواکانی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دابین بکات و لە بەرامبەریشدا داوا لە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات یەکگرتووبن و چاکسازی بکەن و سەرجەم دامودەزگاکانیان ڕێکبخەنەوە بە وەزارەتی پێشمەرگەشەوە .

**ڕووداو:**: بەڵام دەبینین پرۆسەکە بە سستی بەڕێوەدەچێت، لەمبارەیەوە فەرەنسا چی دەڵێت؟

**عەلی دۆلەمەری**: تاوەکو ئێستا هیچ کاردانەوەیەکی لەمشێوەیە نەبووە. وەک بەڕێزتان دەزانن ئەمریکا و بەریتانیا وەک

دەسەڵاتی یەکەم لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا کار لەسەر ئەم پرۆسەیە دەکەن، بەڵام فەرەنسا هەمیشە پشتگیری کردووە لەوەی کە پێویستە هێزەکانی پێشمەرگە ریزەکانیان رێکبخەنەوە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو هەمیشە داوایکردووە سەرجەم دامودەزگاکانیش رێکبخرێنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بە یەکگرتوویییەوە داوای مافەکانی گەلی کورد لە عێراق دابین بکەن .

**رووداو:** با بگەڕێینەوە بۆ سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پاریس و کۆبوونەوەی رۆژی هەینی کە لەگەڵ سەرۆک ماکرۆن بەڕێوەدەچێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە شەڕی ئیسرائیل و حەماس زۆر گەرمە و هەموو جیهان دەڕوانێتە ئەم دۆخە نوێیە و هەڵبەت کاریگەری زۆری بەسەر ناوچەکە هەبووە و دەبێت. کاریگەرییەکەشی بەسەر هێزەکانی هاوپەیمانان دەبێت بەتایبەت لە عێراق. خوێندنەوەی فەرەنسا بۆ ئەم دۆخە چییە؟ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بێلایەنبوونی هەڵبژاردووە! ئایا فەرەنسییەکان چی دەڵێن؟

**عەلی دۆلەمەری:** پێشتریش باسم لەوەکرد، سەرۆک ماکرۆن سەبارەت بەم دۆخە زۆر نیگەرانە بەهۆی ئەو پێشهاتانەی لە شەڕی ئیسرائیل و حەماس و تەنانەت دۆخی غەززە هەیە. بۆیە سەردانی مەیدانیی کردووە و لەگەڵ سەرۆکی وڵاتانی ناوچەکە وەک ئوردن کۆبووەتەوە. فەرەنسا نایەوێت ئەم شەڕە پەرەبسەنێت، بەهۆی ئەوەی شەڕی داعش هێشتا کۆتایی نەهاتووە کە هەرێمی کوردستان لەم شەڕەدا رۆڵێکی زۆر گرنگی بینی. ئەوەش لەیاد نەکەین فەرەنسا قوربانییەکی زۆریداوە. یەکەم وڵات بوو قوربانیداوە و قوربانی لەناوخۆ و دەرەوەشیداوە. بۆیە سەرۆک ماکرۆن لە دوایین گوتاریدا باسی لەوە کرد کە پێویستە ئێمە هاوپەیمانییەکی دیکە بەکاربهێنین لە دژی گرووپە تیرۆریستەکان لە ناوچەکەدا. بۆیە پێویستیان بە هەرێمی کوردستان و رۆڵی پێشمەرگەش هەیە چونکە داعش کۆتایی نەهاتووە. راستە هیچ خاکی بەدەستەوە نییە بەڵام ئایدۆلۆژیای داعش و ئەو کەسانەی بۆ داعش دەجەنگن هێشتا بە شاراوەیی ماون. بۆ بنبڕکردنیان پێویست بەچەند ساڵی دیکەش هەیە و فەرەنسا بەردەوام پشتگیری خۆی دووپات کردووەتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بە هاوکاری هێزەکانی دیکە بەتایبەتی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە بەردەوام بن لە کۆتاییهێنان بەو شەڕەی کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کراوە کە فەرەنساش تێیدا بەشدارە. سیاسەتی فەرەنسا ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو بڕیارەی دەریکردووە کە بێلایەنی خۆی هەڵبژاردووە. راگەیێندراوەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ فەرەنسا زۆر گرنگ بووە کە داوای دەسبەجێ راگرتنی شەڕ و دامەزراندنی دەوڵەت دەکات بۆ فەلەستین کە ئەمە مافی گەلی فەلەستینە بۆ ئەوەی ئەم شەڕە نەبێتە شەڕی نێوان دوو نەتەوە و دوو دەوڵەت. بەڵکو شەڕەکە لەنێوان ئیسرائیل و گرووپی تیرۆریستی حەماسدایە.

**رووداو:**: سەرۆکی فەرەنسا لە برۆکسل کە ئێمەش لەوێ بووین بۆ رووماڵی لووتکەی یەکێتیی ئەوروپا، ئاماژەی بەوەدا کە چەند گرنگە هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی لە دژی حەماس پێکبهێندرێت و ئێوەش ئاماژەتان پێدا کە هاوشێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بێت. ئایا ئەم بابەتە لە فەرەنسا چۆن باسی لێوە دەکرێت؟ چونکە لە سیمای سەرۆک ماکرۆن دیاربوو زۆر زۆر نیگەران بووە لەم دۆخە و نیگەرانی مەترسی سەرهەڵدانی هێرشی تیرۆریستی لە فەرەنساشی باسکرد.

**عەلی دۆلەمەری**: بێگومان فەرەنسا لە دۆخێکی زۆر ناخۆشدایە بەهۆی ئەو مەترسیانەی لە فەرەنسادا هەیە بەهۆی ئەوەی چەند ملیۆن پەنابەر لە فەرەنسا دەژین و پرۆسەی هاتنی پەنابەرانیش بۆ فەرەنسا بەردەوامە و فەرەنساش نازانێت ئەوانەی دێنە وڵاتەکە کێن، بۆیە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی شەڕەکە لەمە زیاتر پەرەنەسێنێت بۆ ئەوەی نەبێتە قەیرانێکی دیکە ئەمە لە کاتێکدایە چەندین قەیرانی زۆر گەورەی دیکە هەن بەرۆکی جیهانیان گرتووە. لەلایەک رووسیا و ئۆکراینا لەلایەکی دیکە ئازەربایجان و ئەرمینیا هەیە و ئێستاش حەماس وەک بزووتنەوەیەک شەڕی لە دژی ئیسرائیل راگەیاندووە. ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کە چەندین گرووپی تیرۆریستی دیکە هاوکاری حەماس بکەن بۆ ئەوەی هێرشەکانیان دژی ئیسرائیل بەهێز بکەن بەو پێیەی چەندین وڵاتی جیهان وەکو ئەمریکا، فەرەنسا، بەریتانیا و وڵاتانی دیکە هاوپەیمانی دەوڵەتی ئیسرائیلن بۆ بەرگری لەخۆکردنیدا. بۆیە سەرۆک ماکرۆن ناخوازێت ئەم شەڕە پەرە بسەنێت کە دەبێتە هۆی ناسەقامگیری ناوچەکە کە دەبێتە هۆی ئەوەی گرووپە تیرۆریستەکان سوود لەم دۆخە ببینن بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر وڵاتانی ئەوروپا بەگشتیی و فەرەنسا بەتایبەتی کە رۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ نەهێشتنی گرووپە تیرۆریستییەکاندا. بۆیە هەمیشە فەرەنسا ئامانجی تیرۆریستەکانە، بەمدواییانە چەندین هێرشیان پووچەڵ کردەوە کە گرووپەکان ویستیان هێرش بکەنە سەر فەرەنسا هەر لە کۆشکی ڤێرسای و مۆزەخانەی لۆڤەر و تەنانەت تاوەری ئیفێل کە چۆڵکرا دوای گەیشتنی پەیامی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی تێیدا. فەرەنساش نایەوێت ئاسایش و سەقامگیری وڵاتەکەی و وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپاش بخاتە مەترسییەوە. بەردەوامبوونی ئەم شەڕە رەنگدانەوەی خراپی بەسەر پاریس و وڵاتانی دیکەشدا دەبێت.

**رووداو**: بەڵام لەناوخۆی فەرەنسا چۆن ئەم داواکارییەی سەرۆک ماکرۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا پێیانوایە ئەم داواکارییە گونجاوە؟

**عەلی دۆلەمەری**: بێگومان سەرجەم لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و خەڵکی فەرەنساش لەگەڵ سیاسەتی ماکرۆندان بۆ ئەم پشتگیرییە نێودەوڵەتییەی کە هەم بۆ وڵاتی ئیسرائیلی دەربڕیووە وەکو شەڕکردن لەگەڵ بزووتنەوەیەکی تیرۆریستی

هەروەها پاراستنی سەقامگیری فەرەنسا. خەڵکی فەرەنسا باش دەزانێت ئەگەر بێتوو سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبێت، ئەوسا کاریگەری راستەوخۆی بەسەر ئاسایش و سەقامگیریی فەرەنساش دەبێت.

**رووداو:: لە بواری ئابووریدا فەرەنسا دەتوانێت چ رۆڵێک بگێڕێت بۆ هاوکاری هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستاندا؟**

**عەلی دۆلەمەری**: وەک باسمکرد، فەرەنسا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە لە زۆربەی بوارەکاندا بەتایبەتی لە بواری سیاسییەوە. بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڵگەیە بۆ پەیوەندییە بەهێزەکان، ئەمە دەیەمین جارە بە فەرمی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگهێشی کۆشکی ئیلیزێ دەکرێت. هەر لە سەردەمی نیکۆلا سارکۆزی بگرە تاوەکو ئێستاش. هەروەها لە بوارەکانی دیکەشدا پەیوەندییەکی زۆر باشمان هەیە لە بواری کولتووری و ئەکادیمی و ئابوورییشەوە. نزیکەی ٣٠ کۆمپانیای فەرەنسی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، ئەم ژمارەیە زیاتریش دەبوو، بەڵام شەڕی داعش هۆکاربوو بۆ کشانەوەی بەشێکیان و ترسی بەشێکی دیکەیان لە نەهاتنیان بۆ هەرێمی کوردستان. کۆمپانیاکان ناخوازن وەبەرهێنان لە شوێنێکدا بکەن کە شەڕ و ئاڵۆزی تێیدا بەدی دەکرێت، لەگەڵ ئەمەشدا کۆمپانیاکان سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە و وەبەرهێنانی تێدا دەکەن. بابەتی نەوت بابەتێکی ناوخۆیی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانە بەڵام فەرەنسا دەیەوێت ئەم کێشەیە لە چوارچێوەی دەستوورەوە چارەسەر بکات و هەمیشە هەوڵی ئەوەیانداوە چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە چونکە زیان بەهەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق دەگەیێنێت. وەک باسمکرد فەرەنسا دەیەوێت سەقامگیری و ئاسایشی عێراق لە هەموو رووییەکەوە بەدەست بهێنێت. لە رووی ئابووری و سیاسیی و ئەمنییەوە، بۆیە بەبێ سەقامگیری لەنێوان بەغدا و هەولێر ئەستەمە بتوانرێت ئاسایش و سەقامگیری ناوچە بپارێزێت و دەرەنجام ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی بەسەر فەرەنساوە دەبێت.

**رووداو:: گرنگیی سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ فەرەنسا چییە بەتایبەتی بۆ ئێستا؟**

**عەلی دۆلەمەری**: بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ بگێڕێت بۆ هێورکردنەوەی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە ناوچەکەدا هەیە بۆ ئەوەی پەرە نەسەنێت و بۆ ئەمەش چەندین جار لە رابردوودا رۆڵی گرنگی گێڕاوە و رۆڵەکەی لە ئەمڕۆ و لە داهاتووشدا دەبینین. ئێستا جیهان بە قەیرانێکی زۆر گەورەدا تێدەپەڕێت و بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ فەرەنسا خۆی لەخۆیدا دەرخەری ئەوەیە کە بەڵێ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەتوانێت رۆڵێکی مێژوویی ببینێت بۆ کەمکردنەوە و هێورکردنەوەی گرژی و قەیرانەکان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لەمە زیاتر پەرەنەسەنێت. چونکە ئەمە زۆر گرنگە ئەمە، پەیامی سەرۆک ماکرۆنە دەیەوێت بەهەر

شێوەیەک بێت، شەڕەکە لەم ئاستەدا رابگرێت و لەمە زیاتر پەرەنەسەنێت و لە کۆتاییدا ئاگربەست لەنێوان هەردوو لایەندا رابگەیێندرێت و ناوچەکە تووشی قەیرانێکی خوێناوی نەبێت بەهۆی ئەوەی لە عێراق و سووریا چەندین گرووپی تیرۆیستی هەن و رەنگە بچنە ناو شەڕەکەوە. بۆیە رۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گرنگ دەبێت بۆ راگرتنی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

---

# باڵیۆزی عێراق لە فەرەنسا: سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی ڕەنگدانەوەی بەسەر دۆخی سیاسییەوە دەبێت



**وەدیع بەتی – ئالا شاڵی**

**باڵیۆزی عێراق لە فەرەنسا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئالا شاڵی، نێردراوی تۆڕی میدیایی ڕووداو بۆ فەرەنسا**

**ڕووداو:** بینەران و بیسەرانی ڕووداو سڵاوتان لێبێت. لە باڵیۆزخانەی عێراقم لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، دەمەوێت لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ بەڕێز وەدیع بەتی، باڵیۆزی عێراق لە فەرەنسا سەبارەت بە سەردانەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، گفتوگۆیەکی تێروتەسەل بکەم. سڵاوت لێ بێت، بەڕێز باڵیۆزی عێراق لە فەرەنسا سوپاس بۆ ئەم چاوپێکەوتنە.

**وەدیع بەتی:** سڵاوتان لێبێت و بەخێربێن

**ڕووداو:** زۆر سوپاس، با پرسیاری یەکەمم ئەوە بێت! سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ

**فەرەنسا چەند كاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندییەكانی  عێراق و فەرەنسا؟**

**وەدیع بەتی:** لە راستیدا زۆر خۆشحاڵم بۆ جاری دووەم هەڤپەیڤین لەگەڵ تۆڕی میدیایی رووداو دەكەم. هەمیشە دیمانە و هەڤپەیڤینەكانمان لەگەڵ رووداو هاوكات دەبێت بە رووداوی زۆر گرنگ. پێشتر دیمانەیەک و هەڤپەیڤینێكمان لەگەڵ رووداو كرد كاتێک محەممەد شیاع سوودانی، سەرۆكوەزیرانی عێراق سەردانێكی فەرمی بۆ فەرەنسا كرد كە لە مانگی كانوونی دووەمدا ئەنجامدرا. ئەمڕۆش دیسان لە خزمەت ئێوەداین لە رووداوێكی دیكەی گرنگ كە پێشوازیكردنە لە فەخامەتی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، كە بەڕێزیان بە سەردانێكی فەرمیی هاتوونەتە فەرەنسا كە بە بانگهێشتی فەرمیی ئیمانوێل ماكرۆن، سەرۆكی فەرەنسا سەردانەكە دەكرێت. بێگومان، ئێوەش دەزانن عێراق و فەرەنسا پەیوەندییەكی زۆر بەهێزیان هەیە و دەتوانم بڵێم، سەردەمی زێڕینی پەیوەندییەكانی عێراق-فەرەنسایە. ئەم پەیوەندییە لە دەرەنجامی هەوڵ و كاری دیپلۆماسی دوێنێ و ئەمڕۆ نەبووە، بەڵكو پەیوەندییەكی ریشەییە و پەیوەستە بە تەواوی عێراق بەگشتیی و پەیوەندییەكی ناوازەش لەگەڵ هەرێمی كوردستانیشەوە. بەدڵنیاییەوە سەردانەكەی فەخامەتی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی رۆڵێكی گرنگی دەبێت بۆ تۆكمەكردنی پەیوەندییەكان و بەهێزكردن و دانانی بنەما و كۆڵەگەی بەهێزتر و پەرەسەندنی بۆ ئاستێكی باڵاتر.

**رووداو: ئێوە ئاگادارن، هەمیشە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەڵێت، كاتێک سەردانی دەرەوەی وڵات دەكەم، بەڕێز محەممەد شیاع سوودانی ئاگادار دەكەمەوە و لە بەرامبەردا بەڕێز سوودانی دەڵێت، نێچیرڤان بارزانی نوێنەرایەتیی هەموو عێراق دەكات. ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو متمانەیەی نێوان سەرۆكی هەرێمی كوردستان و سەرۆكوەزیرانی عێراق و ئەو هاوئاهەنگییەی نێوان هەولێر و بەغدا؟**

**وەدیع بەتی:** ئەمە ئەو دۆخە سروشتییەیە كە هەموو عێراقییەكان دڵخۆش دەكات، كاتێک هاوئاهەنگیی و هاریكاری لەنێوان سەركردە سیاسییە هەرە باڵاكانی عێراق دەبێت بۆ ئەوەی كاریگەرییەكان وەک لە مادەی فیزیاش هەیە دەبێتە شەپۆلێكی بونیادنەر. هەوڵی بونیادنەر و كاری پێكەوەیی لە بەرژەوەندی عێراق و هەرێمی كوردستان و هەموو پارێزگاكانی دیكەی عێراق دەبێت. پەیوەندییەكانی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵی لە ژینگەیەكی تەندروستدان و هەموومان پێویستمان بەم ژینگە تەندروستە هەیە بەتایبەتی لەو كاتەدا كە دۆخی ناوچەكە زۆر هەستیارە و پێویستمان بەوەیە ژینگەیەكی وەها پێكبهێنین و هاوئاهەنگیی لەسەر بەرزترین ئاستدا پێكبهێنین، لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی سەرجەم ئاڵنگارییەكان و دۆزینەوەی  چارەسەر بۆ تەواوی كێشەكان.

**رووداو: دەمەوێ بزانم ئەو رێككەوتنە ستراتیژییەی نێوان فەرەنسا و عێراق بەباشی بەڕێوەدەچێت؟**

**وەدیع بەتی**: با چاو بگێڕین بۆ ئەو ١٠ مانگەی رابردووی دوای سەردانەکەی سەرۆکوەزیران. رەنگە ئاماژەیەکمان پێبدات لەبارەی ئەو هەڵکشانەی زۆر گەورانەی بەگشتیی کە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و فەرەنسا بەخۆیەوە بینی. ئەگەر سەرنجت بدەیتە ئاستی سەردانە ئاست باڵاکانی نێوان هەردوو وڵاتدا کە سەرۆکوەزیران سەردانی پاریسی کرد و واژۆی لەسەر رێککەوتننامەی ستراتیژی هاوبەش و دواتر سەردانی بەڕێز مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەدوادا هات. دوای ئەمەش سەرۆکی دەستەی باڵای دادوەری سەردانی فەرەنسا کرد و پاشان زۆر بەڕێز دکتۆر فوئاد حوسێن، جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوەی عێراق و پاش ماوەیەکی کەم وەزیری داد سەردانێکی نوێی کرد. ئەمە جگە لە سەردانی چەندین شاندی تەکنیکییەکان بۆ پاریس. سێ هەفتە پێش ئێستاش، بەڕێز محەممەد حەلبووسی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانی پاریس کرد و ئەمڕۆش پێشوازی لە فەخامەتی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین. بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەشدا ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا، سەردانێکی فەرمی بۆ عێراق ئەنجام بدات، لەلایەکی دیکەشەوە وەزیری بەرگریی فەرەنسا ئەویش بە جیا سەردانی عێراق دەکات. هەموو ئەم چالاکییانە سەلمێنەری ئەوەیە، ئێمە لە رێگە و ئاراستەی راست و دروستداین بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و فەرەنسا بەرەوە باشتر بگوازینەوە.

**رووداو**: بەڵام هەندێکجار، فەرەنسا گلەیی لە لایەنە عێراقییەکان هەیە. ئەو گلەییانە لەگەڵ بەڕێزتان لێرە لە فەرەنسا تاوتوێ دەکەن؟ لەمبارەیەوە گفتوگۆتان دەبێت؟

**وەدیع بەتی**: پێموایە، ئەوەی کەمێک پێش ئێستا باسمکرد لە سەردانە زۆر گرنگانەی کە لەسەر ئەم ئاستە باڵایانەدا دەکرێت، سەردانی سێ سەرکردەی باڵای زۆر گرنگ کە سەرۆکوەزیران، سەرۆکی دەستەی باڵای دادوەری و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و دواتریش سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەمڕۆش سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەرخەری ئەوەیە کە پەیوەندییەکی گەرم و بەتین هەیە و هیچ ساردوسڕییەک لە پەیوەندییەکاندا نییە. بەپێچەوانەوە، پێموانییە لایەنی فەرەنسی لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراقدا ساردوسڕ بن. پەیوەندییەکان و هاوئاهەنگییەکان و پێکەوەکارکردنمان بەردەوامە. ئێمەش تا ئاستی ئەنجامدانی پرۆژە ستراتیژییەکان، هەنگاوی باشمان تێپەڕاندووە. ماوەیەک بەر لە ئێستا کۆمپانیای تۆتاڵ رێککەوتنێکی لەگەڵ عێراق واژۆکرد و دەست بەکارەکانیشی کردووە. هەفتەی داهاتووش رێککەوتننامەیەک لەگەڵ کۆمپانیای تالس واژۆدەکەین. ئیدی کارەکان بەمشێوەیە بەردەوامە و لە پاڵ ئەمەش چالاکیی زۆر چڕوپڕ لەلایەن ئاژانسی گەشەپێدانی فەرەنسی لە عێراق و دامەزراوەکانی دیکەی فەرەنسیش کارەکانیان لە عێراق ئەنجام دەدەن. هاوئاهەنگیی لەسەر ئاستی پەروەردەو فێرکردن هەیە و چەندین یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن و کاری هاوبەشی نێوان زانکۆکان هەیە. تەنانەت لە کاتی سەردانیکردنی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ پاریس، شەش یاداشتنامەی

لێکتێگەیشتنمان واژۆکرد. بەتایبەتی لە بوارەکانی دەسپاکی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و راهێنانی دیپلۆماسی و راهێنانی دادوەرەکان. هەموو ئەمانە دەرخەری ئەوەن کە قورچکێکی زیاتر بدەین بە هەموو بوارەکانی دیکەی پەیوەندییەکان نەک تەنیا لە بوارێکدا. بۆیە جەخت لەوە دەکەمەوە کە پەیوەندییەکی گەرم و گوڕ و بەتین لەنێوانماندا هەیە.

**رووداو: ئاماژەتان بە چەند خاڵێکی گرنگدا، بەڵام فەرەنسا نیگەرانە لە سستیی جێبەجێکردن پرۆژەی تۆتاڵ و پێنەدانی دەرفەتی دروستکردنی فرۆکەخانەی موسڵ. دەزانم پەیوەندییەکان باشن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک لەم پرۆژانە بە سستی بەرێوەدەچن! فەرەنسییەکان لەمبارەیەوە چی دەڵێن؟**

**وەدیع بەتی:** لە پرسی تۆتاڵ، دانووستاندن و گفتوگۆکان بەردەوامە. بەرێزتان دەزانن، پرۆژەکە زۆر گەورە و ستراتیژییە. هەروەها چوار پرۆژە لەخۆ گرتووە و تێچووی پرۆژەکە دەیان ملیار دۆلارە بۆیە بەردەوام پێویست بە گفتوگۆ هەیە و رەنگە لەسەر چەند خاڵێکی تەکنیکی بیروڕای پێچەوانە هەبێت و کار بۆ چارەسەرکردنی بکرێت. سەرباری ئەمانەش، رێککەوتننامەکە واژۆی لەسەر کرا. سەبارەت بە فرۆکەخانەی موسڵ و پرۆژەکانی دیکەوە، دەرفەتی زۆر گەورە لەبەردەم کۆمپانیاکانی فەرەنسی هەن و ئێمەش دوو هەفتە پێش ئێستا کۆنفراسێکمان رێکخست و پێمەوایە ئێوەش تێیدا بەشدار بوون. ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد دەرگای عێراق بەرووی کۆمپانیاکانی فەرەنسا واڵایە و ئێمەش هانیان دەدەین بۆ ئەوەی بچێتە ناو بازاڕی عێراق و بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بەجۆرێک رێکبخات تاوەکو بتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکە بکات کە ئەوانیش بەهێزەوە هاتوونەتە ناو بازاڕی عێراق و ئێمەش هەمیشە هانمان داون.

**رووداو: بەرێزتان باستان لە رێککەوتننامەیەکی دیکەی عێراق و فەرەنسا کرد. دەتوانم بزانم ئەم رێککەوتننامەیە چییە؟**

**وەدیع بەتی:** گوتمان، چەندین پرۆژەی دیکە هەن و دەرگای عێراقیش بەرووی کۆمپانیاکانی فەرەنسی کراوەیە بۆ ئەوەی سوود لەم هەموو دەرفەتە وەربگرێت، ئێمەش وەک باڵیۆزخانە هەمیشە جەخت لەوە دەکەینەوە هەرچەندە پێکەوە ئاوێتەی کاری هاوبەش بووین بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا، پەیوەندییەکانمان هێندەی دیکە بەهێزتر دەبێت.

**رووداو: کۆنگرەی داهاتووی بەغدا بەپشتیوانی فەرەنسا دەستی پێکرد. کەی کۆنگرەی داهاتوو دەبەسترێت؟**

**وەدیع بەتی:** بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەدا سێیەمین کۆنگرەی بەغدا ئەنجام بدرێت. بەڵام بەهۆی ئەم دۆخە نوێیەی لە ناوچەکەدا سەریهەڵداوە و ئەو تاوانە زۆر مەزنانەی لە دژی گەلی فەلەستین لە کەرتی غەززە دەکرێن، بڕیاردرا کۆنگرەکە بۆ کاتێکی دیکە دوابخرێت. بەرێزتان دەزانن عێراق دەیەوێت لە سێیەمین کۆنگرەیدا کارێکی زۆر ناوازە بکات و ببێتە

کۆنگرەیەکی زۆر نایاب. گرنگ نییە کۆنگرەکە کەی دەکرێت، گرنگ ئەوەیە کۆنگرەکە لە وادەیەکی دروستدا بکرێت. بۆ ئەوەی کۆنگرەکە راسپاردەی زۆر گرنگ و کارای هەبێت. بەتایبەتی عێراقییەکان چاویان لەوەیە ئەم کۆنگرەیەی داهاتوو ببێتە بنەمای کارکردنی هاوبەش و هاوئاهەنگی کە ئەنجامەکەی بۆ بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی دۆست بێت.

**رووداو: هەرێمی کوردستان لەگەڵ فەرەنسا رێککەوتننامەی کشتوکاڵی هەیە، ئێوە تا چەند هاوکار دەبن تاوەکو ئەو رێککەوتنە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە باشی بەرێوەبچێت؟**

**وەدیع بەتی:** بەرێزتان دەزانن، باڵیۆزخانەمان باڵیۆزخانەی عێراقە. هەروەها هاوئاهەنگییەکی باڵا لەنێوان باڵیۆزخانەی عێراق و نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. ئێمەش بەدواداچوون بۆ پەیوەندییەکانی عێراقی-فەرەنسی لە هەموو روویەکەوە دەکەین. بەتایبەتی پەیوەندییەکانی فەرەنسا لەگەڵ حکومەتی ناوەند و پەیوەندییەکانی فەرەنسا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆیە ئێمە لە نزیکەوە بەوپەڕی بایەخەوە سەیری هەموو ئەو دۆسیانە دەکەین کە پەیوەندییان بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە. وەک لە سەرەتا گوتم، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسا زۆر ناوازەیە و هەرێمی کوردستان پێگەیەکی تایبەتی لە فەرەنسا هەیە و ئێمەش کاردەکەین بۆ هاوئاهەنگی زیاتر و هەموو کارێک کە سوودی بۆ بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە.

**رووداو: ئێوە ئاگادارن کە فەرەنسا پشتیوانی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ رێکخستنەوەی وەزارەت پێشمەرگە. ئەم بابەتە لەگەڵ ئێوە باس دەکەن؟**

**وەدیع بەتی:** فەرەنسا رۆڵێکی زۆر گەورەی هەیە لە پشتیوانیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە. ئێوەش باش دەزانن، هێزەکانی پێشمەرگە، بەشێکە لە سیستەمی بەرگریی عێراقی و یەکێکە لە هێزە ئەمنییەکانی عێراقی. پشتیوانیکردنی فەرەنساش بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دەچێتە خانەی بوونی پەیوەندییەکی قووڵ و گەورە هەیە لەسەر ئاستی ئەمنی و بەرگریی لە نێوان عێراق و فەرەنسا.

**رووداو: پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان بۆ ئێوە وەک نوێنەری عێراق لە دەرەوەی وڵات چەند هێزە بۆ ئێوە و چەند سەربەرزن بەوە؟**

**وەدیع بەتی:** گومان لەوەدانییە، هەر جۆرە سەرکەوتنێک و پێشکەوتنێک لە هەرێمی کوردستان، پێشکەوتن و سەرکەوتنیشە بۆ تەواوی عێراق. ئەو ئەزموونە گرنگەی بیناسازیی لە هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت، ئەزموونێکە هەموو عێراق شانازی

پێوەدەکات. لەمبارەیەوە ناڵێم پێموایە، بەپێچەوانەوە باوەڕموایە کە دەبێ شانازی بەم ئەزموونە ناوازەیەی ئاوەدانی هەرێمی کوردستان بکەین. هەرچەندە هەرێمی کوردستان پێش بکەوێت، رەنگدانەوەی بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش دەبێت کە چاویان لە هەمان ئەم ئەزموونە سەرکەوتووە بێت، دەرەنجام بازاڕی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە بازاڕی عێراق. بەدڵنیاییەوە کارکردن بەردەوامە بۆ ئەوەی برەو بەم دۆخە بدرێت و ئاوەدانی تەشەنە بکات. ئەزموونەکان سەلماندوویانە، بەهێزی هەرێمی کوردستان رەنگدانەوەی ئەرێنی بۆ بەهێزی عێراقیش دەبێت. پێچەوانەکەشی راستە، خوانەکردە، لاوازبوونی هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی لاوازبوونی عێراقیش بەهەمان شێوە. بەتایبەتی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی داعشدا. بینیمان لە ساڵی ٢٠١٤دا چۆن پێکەوە رووبەڕووی داعش بووینەوە، بۆیە باوەڕم وایە، بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی عێراق و بەپێچەوانەشەوە بەهێزبوونی عێراق رێگەخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستانیش بەهێز ببێت.

**رووداو: تەوەری سەرەکیی گفتوگۆکانی نێوان سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و سەرۆک ماکرۆن چی دەبێت؟ ئایا بەڕێزیشتان لەسەرجەم کۆبوونەوەکاندا لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبن؟**

**وەدیع بەتی:** بەڕێزتان دەزانن کەسایەتیی فەخامەتی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی نەک تەنیا سیاسەتڤانێکی سەرەکییە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، بەڵکو سیاسەتڤانێکی سەنگین و سەرەکیشە لەسەر ئاستی پلاتفۆڕمی هەرێمی و نێودەوڵەتیشدا. بەڕێزیان کەسایەتییەکی پەسندکراوە لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا و کەسایەتییەکی متمانە پێکراویشە. پێموایە دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک ماکرۆن بەدڵنیاییەوە دیدارێکی زۆر گرنگ دەبێت، بەهۆی ئەوەی ئەم جۆرە کەسایەتییانە و سیاسەتڤانە سەنگینانە کاتێک چاویان بە سەرۆکەکان دەکەوێت، کاریگەری و رەنگدانەوەی بەسەر دۆخی سیاسییەوە دەبێت.

**رووداو: بەڕێز وەدیع بەتی، باڵیۆزی عێراق لە فەرەنسا، زۆر سوپاس کە لەم چاوپێکەوتنەدا لەگەڵماندا بوویت، هیوای رۆژێکی خۆشت بۆ دەخوازم. هەر سەرکەوتووبن.**

**وەدیع بەتی:** زۆر سوپاس بۆ رووداو. هیواداربن زۆر لەمە زیاتر گەشە بکەن و کاری ناوازە و باشتر و سەرکەوتووانەتر بکەن. هەروەها هیوای سەرکەوتن بۆ بەڕێزتان دەخوازم لەم رووماڵە تایبەتییەتان بۆ سەردانی فەخامەتی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بۆ فەرەنسا. دڵنیام سەردانەکە کاریگەریی زۆر گرنگ و ئەرێنی دەبێت بۆ پەیوەندییەکانی فەرەنسا و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و پەیوەندییەکانی فەرەنسا و عێراق بە گشتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

## سێناتۆرێکی فەرەنسی: ئەوەی ئێستا بۆ کورد گرنگە ئەوەیە کە بزانن یەکگرتوو بن



ئالا شالی – رێمی فێرۆ

### هەڤپەیڤینی رووداو لەگەڵ رێمی فێرۆ

رێمی فێرۆ کەسایەتییەکی دیاری فەرەنسایە و سیاسەتڤانێکی پڕئەزموونە، ئەو لە ساڵی ٢٠١٧ـەوە سێناتۆرە و پێشتریش چەندین پۆستی گرنگی لە فەرەنسا هەبووە، یەکێک لەوانە سەرۆکی گرووپی سۆسیالیستەکان لە ئەنجوومەنی پاریس.

### دەقی هەڤپەیڤینەکە

**رووداو**: ئێستا رووداوەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا زۆر گەرمن ، فەرەنسا دەیەوێت چ بکات لەو ناوچە گرنگ و پڕ کێشەیەدا؟

**رێمی فێرۆ**: ئەو ناوچەیە کە ململانێیەکی زۆری تێدایە، ئاڵۆزییەکی زۆر هەیە، چەندین ساڵە، ئێستا رەوشێکی ئاڵۆز بەدیدەکرێت، لە ئەنجامی هێرشە تیرۆریستییەکانی حەماس لە دژی ئیسرائیل کە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە بە سەتان

سڤیلی ئیسرائیلییان کوشت. ئەوە یەکێک بوو لە داینەمۆکانی ئاڵۆزییەکی دژوار کە ئەمڕۆ لە ناوچەکە سەریهەڵداوە، لەگەڵ وەڵامدانەوەی ئیسرائیل کە بووە هۆی قوربانییەکی زۆری سڤیل، لە چوارچێوەی سیاسەتی ناتانیاهوودا هاتووە کە قبووڵی ناکەن، بەڵام ئێمە وەک فەرەنسا پشتیوانی خۆمان بۆ گەلی ئیسرائیل نیشاندا کە بوونەتە قوربانیی تیرۆر کە تەواوی ناوچەکەی گرتووەتەوە. لەبەر ئەوە، دەبێ فەرەنسا رۆڵێک لەگەڵ هەموو هێزە کاریگەرەکانی ناوچەکە بگێڕێت لە چوارچێوەی هێزی ئێمەدا. بەڵام ئیرادەی بەهێز رۆڵێکی ئەرێنیی بینی، رۆڵێکی بەسوود بۆ دۆزینەوەی دەریچەیەک لە هەمان کات پشتیوانی ئیسرائیل و رێیەک بۆ چارەسەرێکی سیاسی بۆ گەلی فەلەستینی و گەلی ئیسرائیلی. بە بڕوای من، کاتێک سەرۆککۆمار (ی فەرەنسا) لە ئیسرائیل بوو، دواتر لە ئوردن و میسر بوو، رێیەکی گرتبووە بەر کە رێیەکی راست بوو، دواتر دەبێ ئێمە گوێ لە دۆست و هاوپەیمانی خۆمان بگرین لەو ناوچەیەی جیهان، بێگومان کورد لە ریزی پێشەوە دێت، ئیرادەی ئەوەمان هەبێت کە ئەوان نەبنە قوربانیی بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی ململانێکان و ئەوەی ئێمە دەیبینین ئەگەری ئەوە هەیە کە پیلانێک هەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی ململانێ لە سەرانسەری ناوچەکە. ئەوە خراپترین شتە کە دڵنیانین روودەدا، بەڵام پێویستی بە کارێکی دیپلۆماسیی فراوان هەیە و من دەزانم کە فەرەنسا لەناو ئەو کارەدایە و سەرۆککۆمار لەناو ئەو کارەدایە. من هیوادارم کە ئێمە وەکو پەرلەمانتار هاوشانی حکومەت و سەرۆککۆمار بین، لە هەمان کاتدا هۆشیاربین لەبارەی بڕکردنی چالاکیی کاردانەوەی کاری دیپلۆماسی لە ناوچەکە.

**رووداو: سەرۆکی فەرەنسا سەردانی ناوچەکەی کرد، بەڵام دەبینین فەرەنسا کاریگەری لە سووریا و لوبنان کەم بووەتەوە، هۆکاری ئەوە چییە؟**

**ڕێمی فێرۆ:** پێشتر فەرەنسا دەسەڵاتی ئینتیدابی لە سووریا و لوبنان هەبووە، بەڵام ئەو سەردەمە بەسەرچووە، فەرەنسا وڵاتێکی گەورەیە، بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا هێزێکی مامناوەندە، واتە؛ ئیدی ئێمە لە سەدەی بیست دا نین، ئێمە لە سەدەی بیست و یەک داین. بەڕاستی زۆربەی کێشەکانی ئەمڕۆ ئەوەیە کە ئەوروپییەکان نەیانتوانیوە ببنە یەک و هەڵوێستێکی هاوبەشیان هەبێت و لە جیاوازی دەنگدان دا لەسەر بڕیاری رێکخراوی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە روون بووە. بە بڕوای من هەندێجار هەڵەی سیاسیی دەکرێن، ئەگەر ئەمڕۆ فەرەنسا نەتوانێت رۆڵێکی زیاتر بگێڕێت، هۆکار ئەوەیە کە ئەوروپا خاوەنی هەڵوێستێکی هاوبەش نییە. ئەوە بۆ من مایەی نیگەرانییەکی قووڵە. بەڵام بە بڕوای من کاتێک بابەتێک پەیوەستبێت بە لوبنان، سووریا، عێراق و کوردەوە بێت، دەبێ فەرەنسا هەڵوێستی هەبێت، هەروەها فەرەنسا رێی پشتیوانی و هەڵوێستی دروست نیشانی ئەوروپا بدات و دەبێت ئەوروپا پابەندییەکی پێویست نیشان بدات. هێزی ئێمە رێژەییە، چونکە ئێمە بەهێزنین و بێگومان ئەگەر ئەوروپا بە دەنگێکی یەکگرتوو قسە بکات، بەهێزتر دەبێت، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ دەبینین کە تەنیا ئەمریکا زۆربەی جاران کاریگەریی لەسەر رەوشەکە هەیە، بۆ من مایەی نیگەرانییە کە

ئەوروپا ناتوانێت یەکگرتوو بێت، ئەوە تەنیا پەیوەست نییە بە فەرەنساوە، بەڵام دەبێ فەرەنسا رۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت لەو ناوچەیەی جیهان. ئەگەر بتوانم لەسەر ئەو وەڵامە بەردەوامبم، دەبێ ئێمە خۆمان نەدەینە دەست قەدەر، ئەگەر سیاسەتێکی بەهێز هەبێت، وەکو ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ کاتێک فەرەنسا لەگەڵ ئەمریکا و لەگەڵ کورد بڕیاریان دا کە بەشێوەیەک کاربکەن کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بتوانێت بە ئامانجی خۆی بگات و خەلاف لەنێو ببات، ئەوان توانیان ئەوە بکەن. ئەوە پێویستی بە پابەندییەکی دیپلۆماسییە و هەندێ جاریش پابەندییەکی سەربازی. پێش ١٠ ساڵ رەوشەکە ئاوابوو و بێگومان رۆڵی فەرەنسا، رۆڵی ئەمریکا و رۆڵی کورد ئەو کاتە یەکلاکەرەوە بوو.

**رووداو: سەرۆکی فەرەنسا پێشنیازی ئەوەی کرد هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی دژی حەماس وەک ئەوەی دژی داعش کرا، دروستبکرێت، ئەمە ئێستا گونجاوە؟**

**رێمی فێرۆ**: باوەڕناکەم، هەروەها بە بڕوای من ئەوە نەبوو کە ماکرۆن خۆی دەیویست بیڵێت. با وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە بەبێ بوونی هێزی کوردی لەسەر زەوی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش دروست نەدەبوو، بەبێ پێشمەرگە، لە سووریا، لە عێراقدا بۆردوومانی هێزەکانی ئەمریکا و فەرەنسا و ناتۆ کاریگەر نەدەبوون. هێزە تایبەتە زەوینییەکان بەبێ هێزی کوردی نەیاندەتوانی کاریگەربن، ئێستا ئێمە لە غەززە لە هەمان رەوشی جوگرافیدا نین، خۆ ئەگەر سەرۆکی فەرەنسا ویستبێتی بڵێت پێویستە هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی لە دژی تیرۆر هەبێت کە حەماس نوێنەرایەتییان دەکات، من پاڵپشتیی ئەو بیرۆکەیە دەکەم، بەڵام بە بڕوای من ئەو چەمکە زۆر ورد نییە و باش دانەڕێژراوەتەوە. بۆیە ناخوازم کە تەنیا لەسەر ئەو خاڵە راوەستێت لەو سەردانەدا، کە وەکو شتێکی بەپەلە داڕێژرابێتەوە و کۆنکرێتی نەبووبێ، لەبەرئەوە لەباتی ئەوە، بە بڕوای من ئەو هێڵێکی سیاسیی گرت کە رێیەکە دەبێ رێ بە پێشڤەچوون بۆ چارەسەرکردنی ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین بدات، ئەویش چارەسەری بوونی دوو دەوڵەتە، بۆیە پێویستیی بە هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتیی دژی تیرۆر هەیە، بەڵام بەو واتایە نا کە شەڕی دژی حەماس وەکو شەڕی دژی تیرۆری لێبێ، چونکە رەوشەکە هەمان رەوش نییە و دەبێ رەوشەکە زۆر زەحمەت بێت، لەبەرئەوەی حەماس خەڵکی سڤیلی غەززە وەکو قەڵغان بەکاردێنن. بۆیە دەبێ بۆردوومانەکان زۆر هەستیار و وردبن؛ لەبەرئەوەی بەداخەوە دەبینین لەم رۆژانەی دواییدا بۆردوومانەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە زیاتر دەبن، ئیدی دەبێ کار بۆ پشتیوانی ئیسرائیل بکرێت لە دژی تیرۆر، هەروەها دەبێ کار بۆ ئەوە بکرێت کە بتوانین ئێش و ئازارەکانی خەڵکی سڤیلی فەلەستین کەمبکرێنەوە و رێگە بدرێت هاوکارییە مرۆییەکانیان پێبگات و چارەسەرێکی سیاسی بدۆزرێتەوە. ئەوە باشترە، بە بڕوای من رەوشەکە هەمن رەوشی سووریا و عێراق نییە لە ساڵی ٢٠١٤دا تەنیا لە یەک خاڵدا نەبێت، ئەویش گرنگیی هەبوونی بزووتنەوەیەکی بەرفراوان لە دژی تیرۆر و لە دژی ئەو دڕندەییەی کە هەڕەشە و مەترسییە لەسەر هەمووان و لەسەر جیهان.

**ڕووداو:** کەواتە ئێوە لەگەڵ ئەوەدا نین، بەڵام فەرەنسا دەیەوێت پشتیوانیی ئیسرائیل بکات، چۆن دەتوانێت ئەو کارە بکات؟

**ڕێمی فێرۆ:** سەرەتا، نیشاندانی پشتیوانی خۆی لە دژی تیرۆر، نیشاندانی پشتیوانی خۆی بووە لە هەمبەر ئەوەی ڕوویداوە کە دیاربوو توندترین شت بوو لە دوای جەنگیی دووەمی جیهانی. هەروەها هاوسۆزی خۆی نیشان بدا. گومانم لەوە نییە کە دانوستاندنیش لەنێوان هەردوو حکومەتەکانی فەرەنسا و ئیسرائیل هەیە و لەنێوان بەرپرسانی دەزگا هەواڵگرییەکان بۆ کاری هاوبەش لە دژی تیرۆر. بە بڕوای من دەبێ فەرەنسا پشتیوانی خۆی بۆ ئیسرائیل نیشان بدات و وەڵامی پشتیوانییەکەی لەنێو وڵاتانی دیموکراتدا بۆ خەباتکردن لە دژی تیرۆر بداتەوە. هەروەها بە ئیسرائیل بڵێت و جەخت بکاتەوە کە لە داهاتوودا تەنیا و تەنیا چارەسەری سیاسی دەتوانێت ڕێبدات ئەو ڕەوشە دوایی بێت کە هەم دراماتیک و هەمیش چەند ساڵێکە چەقی بەستووە. واتە دەبێ فەرەنسا جارێکی دیکە ویستی خۆی دووپات بکاتەوە کە دەیەوێ فەلەستین ببێتە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و هەردوو گەلانی ئیسرائیل و فەلەستین بتوانن داهاتووی خۆیان بە ئاشتییانە بنیاد بنێن، ئەمە ئەو شتە بوو کە سەرۆککۆمار باسی کرد.

**ڕووداو:** ئێوە دەزانن لەم کاتە هەستیارەدا سەرۆک ماکرۆن پێشوازی لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات. نێچیرڤان بارزانی لایەنگری چارەسەری ئاشتییانەی دوو دەوڵەتە بۆ کێشەی فەلەستین. ئایا ئەم دیدارە بۆ ئاشتی لە ناوچەکەدا گرنگ دەبێت؟

**ڕێمی فێرۆ:** هاتنی سەرۆک بارزانی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک ماکرۆن نیشانەی بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان پاریس و هەولێرە و بێ گومان ئەمە زۆر زۆر گرنگە کە ئەم پەیوەندییانە بەردەوام بەهێز بن و پشتگیرییەکی کۆنکرێتی و جێگیر بۆی هەبێت لە ڕێگەی کۆبوونەوە یەک لەدوا یەکەکان. نیگەرانی هەن لە تەواوی ناوچەکە. نیگەرانی هەن بۆ کوردستان کە منیش هەستیان پێدەکەم، من گرنگیپێدانی سەرۆککۆمار بە کوردستان دەزانم، من گرنگیپێدانی ئەو بەو هەموو ئاڵۆزییانەی کە لە دەوروبەری هەموو عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی هەن دەزانم و لەگەڵ ئەکتەرە هەرێمییەکانی وەک تورکیا، وەک ئێران و عەرەبستانی سعودیە و هەموو ئەو میلیشیانەی کە دەکرێت لەملا و لەولاوە جوڵەیان پێبکرێت. بۆیە ئەم سەردانەی سەرۆک بارزانی بۆ پاریس هۆشیاریی فەرەنسا لەبەرامبەر دۆخەکە پێشان دەدات. بێگومان ئەمە زۆر زۆر گرنگە. هەروەها ئێمە سەربازانی فەرەنسامان هەن کە پێش چەند هەفتەیەک لە بەردەوامیی خەباتی دژی دووبارە سەرهەڵدانی داعش گیانیان لەدەستدا. دەزانم کە ڕۆژانە هێرش یان پرۆژەی هێرشکردنە سەر بنکەکانی ئەمریکا لە کوردستان و عێراق هەن، بۆیە دۆخەکە زۆر ئالۆزە و زۆر مەترسیدارە. بوونی فەرەنسا لێرە بێگومان بۆ

مسۆگەرکردنی سەروەریی عێراق و ئۆتۆنۆمیی کوردستان و ئارامی تەواوی ناوچەکە بەس نییە، چونکە ساتێک لەمەوبەر باسمان لە رێژەییبوونی هێزی فەرەنسا کرد، ئەمە زۆر زۆر گرینگە. بەشداری فەرەنسا لەو بابەتانەدا زۆر پێویستە، بۆیەش بڕوام بە سەرۆکی فەرەنسا و حکومەتی فەرەنسا هەیە کە بێگومان ئەو وشیارییە، گرنگیپێدانە و ئیرادە بەهێزەی هەبێت بە تایبەت لە تەنیشت دۆستە کوردەکانمان کە لە دۆخێکی سەخت و هەستیاری جیۆپۆلیتیکدان، بەڵام ئەوەش دەزانم کە کورد دۆستی هەن و دەبێت فەرەنسا لە ریزی پێشەوەی ئەم دۆستانەدا بێت.

**رووداو**: بەڕێزتان سیاسەتڤانێکی پڕئەزموونن، ئێوە دەزانن کە فەرەنسا زۆر بە باشی کێشەی کورد و کوردستان دەناسێت، هەندێک بڕیار هەن لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین، بەڵام هیچ بڕیارێک نییە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد و کوردستان، هۆکاری ئەمە چییە؟

**رێمی فێرۆ**: سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم ساڵانەی دواییدا زۆربەی جاران ئیفلیجە. ئەوەمان دیت بۆ ئەرمینیا، قەرەباخ، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانی خەڵک لەو پاکتاوکردنە ئەتنیکییەی کە ئازربایجان کردی، بپارێزێت. هەروەها ئێمە ئەوەمان هەندێکجار دیت کاتێک لە ساڵانی رابردوودا و تائێستاش خاکی سووریا پارچە پارچە کراوە و ئەسەد تائێستا دەسەڵاتی بەسەر بەشێکی گەورەی خاکەکەیدا هەیە، هەروەها هێرشەکانی سوپای تورکیا هەن بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆ سەر خاکی سووریا، بێ ئەوەی ئێمە باسی بوونی ئێرانییەکان و حیزبوڵڵا لە سووریا بکەین. واتە ئێمە هەندێک ار بێکەڵکیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبینین و بە هەرحاڵ ئەمە بەس نییە کە تەنیا دەنگ لەسەر بڕیارەکان بدرێن، بەڵکو پێویستە جێبەجێش بکرێن. نەتەوە یەکگرتووەکان بە سیستەمی ڤیتۆ کار دەکات، لە لایەن هەر پێنج وڵاتی خاوەن ئەندامێتی هەمیشەیی لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا کە ئەمرۆ ناتوانن هیچ بڕیارێک پەسەند بکەن. بۆیە من نازانم ئەگەر ئەمرۆ باشترین رێگا بۆ کوردەکان لە رێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بێت، بەڵام بە بڕوای من پێویستە ئەمە دوورنەخرێت، پێشوەختە دوورنەخرێت، ئەگەر ئەمە پێویست بێت لە جیهانێکدا کە بەداخەوە نەتەوە یەکگرتووەکان و بە تایبەت ئەنجوومەنە ئاسایشەکەی، لە بڕیارداندا زەحمەتی پێشان دەدات. من هەروەها دەزانم کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، چەند ساڵێک لەمەوبەر لە رێگەی ناوچەیەکی پارێزراو و دژەفڕین، کوردی پاراست. ئەو بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە دەستپێشخەریی فەرەنسا بوو بە سەرۆکایەتی فرانسوا میتران. ئیتر، من زۆر بە هیوام، کە ئەگەر کورد رووبەڕووی هەڕەشە ببنەوە لە هەفتە و مانگەکانی دواییدا، نەتەوە یەکگرتووەکان دەستتێوەردان بکات و فەرەنسا ئەم داوایە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات. بۆ من جێگای داخە کە ئەمە بۆ قەرەباخ نەدەکرا، لەوانەیە فەرەنسا زۆر درەنگ کەوتبێ بۆ پەنابردنە بەر نەتەوە یەکگرتووەکان و نەتوانێت کارێک بکات بۆ بڕیاردان و پاراستن، بەڵام پێویستە هەمیشە دەرفەت بەو سیستەمە نێودەولەتییە بدرێت و داوا بکرێت کە نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانێت رۆڵی خۆی

بگێرێت و سکرتێرە گشتییەکەی ئەمرۆ بە دەنگێکی بەهێزەوە قسە دەکات، بۆیە هیوادارم کە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکەکەی جێبەجێ دەکات بۆ پاراستنی کوردەکان، ئەگەر لە هەفتەکانی داهاتوودا ئەمە پێویست بکات.

**رووداو: ئێوە دەڵێن کورد دەبێت بەشداربێت لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەڕای ئێوە دەبێت کورد چی بکات؟**

**رێمی فێرۆ**: کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی جیهانە. ئەمە راستییەکە، کە لە مێژوودا بۆ کاتێکی دوو ودرێژ دەگەڕێتەوە. ئێستاش بە تایبەت کە سەت ساڵ بەسەر رێککەوتننامەی لۆزان تێدەپەرێت. لە بەرامبەریشدا، کورد لە کاتی رزگارکردنی عێراق و کەوتنی سەدام حوسێنەوە، ئەم هەرێمە ئۆتۆنۆمە لە دەوروبەری هەولێر کە نموونەیەکە بۆ پێشکەوتنی نائاسایی، خاوەن ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینە یە، کە هەندێک جار بەشبەشبوونی ناوخۆییش هەن کە هەندێک جار لاوازی دەکەن، بەڵام دەتوانێت یەک بگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەرێمەکە بپارێزێت، کورد هەروەها دەزانن پشتگیری یەکتر بکەن کاتێک رووبەڕووی هێرشێک دەبنەوە، سەرەرای ناکۆکی و جیاوازییەکانیان. بۆیە بروا دەکەن و ئێمە هەفتەی رابردوو لە ئەنجوومەنی پیران (سێنات) ئەوەمان لەگەڵ نوێنەرانی دیاسپۆرای کورد لە ئەوروپا باسکرد، شتێک کە ئەمرۆ بۆ کوردەکان گرنگە ئەوەیە کە بزانن یەکگرتوو بن، بزانن بەسەر ناکۆکییەکانیاندا زاڵ بن، بزانن یەکگرتوو بن بۆ ئەوەی قورساییان زیاتر بێت و بتوانن بەرگری لە بەرژەوەندییە رەواکانی هەرێمی کوردستانی ئۆتۆنۆم بکەن لە بەرامبەر بەغدا لەبارەی دابەشکردنی داهاتەکان و پابەندبوون بە دەستووری عێراق و رێزگرتن لە ئۆتۆنۆمییەکە و دابەشکردنی داهاتی نەوت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە. شتی گرنگ بۆ کوردەکان ئەوەیە کە بزانن پشتی یەکدی بگرن، کاتێک لەسەر خاکی ئەو وڵاتانەی کە لێی دەژین وەک تورکیا، ئێران و سووریا رووبەڕووی چەوساندنەوە دەبن و هەڕەشە لە بوونیان دەکرێت. من بینیم چۆن دوور لە ناکۆکیی سیاسی، دوای بوومەلەرزە دژوارەکە کە لە باشووری تورکیا و باکووری تورکیا روویدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریی مرۆیی نارد، لەو دەڤەرەی کە هیچ کەسێکی دیکە هاوکاریی نەناردبوو لە باکووری سووریا... واتە ئەوەی بۆ کورد گرنگە ئەوەیە کە بزانن یەکبگرن و زیاتر ببنە یەک و لەسەر جیاوازییە سیاسییەکانیان خۆڕاگر بن. وەک چۆن بینیمان لەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری عێراق ئەوەیانکرد. ئەوەش پێشینەیە، چونکە جیاوازی هەمیشە سەرچاوەی لاوازییە.

**رووداو: فەرەنسا زۆر هەوڵی نزیکبوونەوە لە عێراق دەدات، بەڵام هەوڵەکانی فەرەنسا ئەنجامی زۆر کەمیان هەبوون، دیداری نێوان سەرۆکی فەرەنسا و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو بوارەدا چ رۆڵێکی دەبێت؟**

**رێمی فێرۆ**: من ناتوانم بە ئێوە بڵێم کە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆکی فەرەنسا و هەرێمی کوردستان چ دەبێت، بەڵام فەرەنسا ناتوانێت هەر شتێک لە جیاتی هەموو ئەکتەرەکان بکات. کۆنفرانسەکانی بەغدا کە بە دەستپێشخەریی

سەرۆکی فەرەنسا سازکران، دەستپێشخەرییەکی باشە کە فەرەنسا کار دەکات بۆ پشتگیری سەروەریی عێراق بە تەواوەتی، و ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان لە ناو عێراقێکی خاوەن سەروەریدا، بە بڕوای من سیاسەتێکە کە بەرەو ئاراستەیەکی راست دەچێت. لەبەر ئەوەی رۆڵی فەرەنسا ناتوانێت شوێنی هەموو ئەو لایەنانە بگرێت، کە هەوڵ نادەن و هەندێک لایەن هەن کە یاریی تێکدانی سەقامگیری دەکەن کە هیچ سوودێکی نییە. بەڵام دانپێدانانێکی گشتی بۆ رۆڵی فەرەنسا هەیە و بە توانای کە دەتوانێت هەموو لایەنەکان لەسەر مێزێک کۆ بکاتەوە. من ئەمڕۆ شتێک دەزانم، ئەویش ئەوەیە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئەگەر ئەورووپا بە کۆدەنگی قسە بکات و دەستپێشخەرییەکی هاوبەشی هەبێت، بێگومان کاریگەریی زۆر گەورەی دەبێت. بەڵام گلەیی لە سەرۆکی فەرەنسا ناکەم کاتێک دەستپێشخەری پێشکەش دەکات کە لە شوێنی خۆیدا بێت، تەنانەت ئەگەر کاریگەرییەکانی سنوورداریش بن. من بەشێکم لە ئۆپۆزیسیۆن لە فەرەنسا، بەڵام بە بڕوای من پێویستە فەرەنسا بە یەکدەنگی قسە بکات بۆ ئەوەی بتوانین سەرنجی ئەورووپا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی راکێشین، کاتێک دەستپێشخەرییەکانی سەرۆک بەرەو ئاراستەی راست دەچن. دواتر، کاریگەری مژارێکی دیکەیە، بەڵام هیوادارم دەنگی فەرەنسا کاریگەرییەکەی بەردەوام بێت و سیاسەتێکی بەهێز بە پێی کات دەتوانێت کاریگەر بێت. بە هەر حاڵ من دەزانم کە ئیرادەیەکی راستەقینەی فەرەنسا هەیە کە لێرە پەرلەمان و سێنات هاوبەشن لەوەدا، کە لە هەمانکاتدا نزیکی عێراق ببێ و نزیکی کوردەکان ببێ و لە نێویشدا فەرەنسا رۆڵ بگێرێت لە نزیککردنەوەی بەغدا و هەولێر، ئەگەر پێوست بکات، بە بڕوای من ئەمە رۆڵی فەرەنسایە، کە تێیدا بەشدارە.

**رووداو: پاراستنی هەرێمی کوردستان و یارمەتیدانی بەهێزبوونی پێشمەرگە سیاسەتی دیاری فەرەنسا بووە بەرامبەر هەرێمی کوردستان، ئایا لەو سەردانەدا دەکرێت چۆن ئەو سیاسەتە بەهێز بکرێت؟**

**رێمی فێرۆ:** من نامەوێت لە جیاتی سەرۆکی فەرەنسا و حکومەتی فەرەنسا قسە بکەم، من ناتوانم ئەمە بکەم. من وەک هەموو هاوکارانم لە پەرلەمان و کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی سینات وریا بم لە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیە. بەڵام بێگومان لە بواری سەربازی، لە بواری ئابووری، لە بواری سیاسی، هەرچەند پەیوەندییەکان بەهێز بن، ئەوەندەش پشتیوانی فەرەنسا گرنگ دەبێت و ئەوەندە فەرەنسا دەتوانێت پشتگیری ئەورووپا رابکێشێ و باشتر دەبێت. ئێمە وەک پەرلەمانتار هەمیشە ئامادەین لە حکومەتی فەرەنسا بپرسین، ئایا پابەندبوون و توانای پابەندبوون لە چ ئاستێکدایە لە پاڵ کوردەکان، بە تایبەت بۆ خەبات لە دژی گەڕانەوەی تیرۆری ئیسلامی، هەروەها بۆ ئەوەی رێگە بە گەلی کورد بدرێت بەرەو پێشەوە بڕوات و بگاتە باشترین دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی ئەو (کورد) لە ناوچەیەکی هەرە مەترسیداری جیهان.

**رووداو: دەمەوێت بزانم ئێستا سیاسەتی فەرەنسا بەرامبەر رۆژئاوای کوردستان چۆنە؟**

**ریمی فیرۆ:** ئەمڕۆ، رۆژئاوا هەیە بە راستی. بوونی هێزە کوردییەکان لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بۆ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئایندە بۆ گەلی ناوچەکە، بە مەبەستی پاراستنیان لە هێرشە دەرەکییەکان شتێکی زۆر بەنرخە. بەڵام رۆژئاوا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نەناسێندراوە، من هیوادارم فەرەنسا و وڵاتانی دیکەدا دانی پێدابێنن کە پێویستە بەشداری لە دیاریکردنی داهاتووی هەموو سووریادا بکات، هەروەها هیوادارم کە پرۆژە مرۆییەکان و خزمەتگوازییە گشتییەکان لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پشتیوانی بکرێن. تورکیا ئازاد نەبێ لە هێرشکردن و بۆردوومانکردندا. کاتێک دەبینم هێزە کوردییەکان، پێشمەرگە دەکوژرێن لە هێرشی درۆنیدا لەلایەن جیهادییەکانەوە و هەندێک جاریش لە ئەنجامی هێرشە راستەوخۆکانی سوپای تورکیادا، کە لەگەڵ ئێمە بوون لە شەڕی دژی داعش، من دەڵێم کە ئەمە قبوڵ ناکرێت و دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و فەرەنسا بە دەنگێکی بەهێزەوە قسە بکەن و بڵێن کە ئەمە قبوڵ ناکرێت. کوردەکانی باکووری رۆژهەڵاتی سووریا و هەموو دانیشتووانی کە دانیشتووانی عەرەب و کریستیانیش لەوێ هەن، پێویستە بتوانن بەشداری داهاتووی سووریا ببن و لە ئارامیدا بژین، ئەمرۆ پێویستە ئۆتۆنۆمیەکەی رۆژئاوا و تواناکەی بۆ ژیانی ئاشتیانە بپارێزرێن و پێویستە ئەمە لە کارە پێشینەکان بێت و سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەو پرسیارەتان لە من پرسی، چونکە زۆر لەسەر ئەم بابەتە قسە ناکەین و نابێت ئەو دۆخەی لە ئیسرائیل و غەززە هەیە، ببێتە هۆی ئەوەی کە لە بیری بکەین ئەمرۆ لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا دۆزەکە زۆر زۆر سەختە و بۆردوومان هەیە و رۆژانە کوژراو هەن و بارۆدۆخی مرۆیی لەوێ زۆر خراپە.

**رووداو: دواپین پرسیارم ئەوەیە، ئێوە سەر بە پارتەکەی سەرۆکی فەرەنسان، دەمەوێت بزانم سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم کاتەدا چەندێک گرنگە و چۆن هەڵی دەسەنگێنن؟**

**ریمی فیرۆ:** پرسەکە پرسی حیزبی زۆرینەی سەرۆکایەتی لە فەرەنسا نییە، بەڵام ئیمانۆئیل ماکرۆن هەنگاوەکانی لە چوارچێوەی سیاسەتێکی فەرەنسیدا دەنێت کە پێشتر هەبوو و بە تایبەت رۆڵی بەهێزی فرانسوا هۆڵاند لە دارشتنیدا هەبوو کە ئەو لە پاڵ کوردەکان شەڕی دژی داعشی بەڕێوەدەبرد. بۆیە ئەمرۆ پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستان بەهێز ماون. کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆک، سەردانی وەزیری بەرگریی فەرەنسا بۆ هەولێر هێمای زۆر گرنگن بۆ بەردەوامی ئەو سیاسەتەی فەرەنسا، کە زۆر گرنگە. واتە پەرلەمانتارانی فەرەنسیش کاری خۆیان دەکەن بۆ چاودێریکردنی کاری حکومەت و لێپرسینەوە لە حکومەتی فەرەنسا و هیچ جیاوازییەکی سیاسی لە نێوانماندا نییە و ئەمەش زۆر گرنگە لە دۆخێکی ئاوا هەستیاردا وەک دۆخی ئەمرۆ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

## عادل باخەوان: ئێستا کورد لەنێو دروستکردنەوەی مێژووی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایە



کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی فەرەنسا، وێنە: رووداو

دۆخی سیاسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهۆی شەڕی غەززەوە ئاڵۆزە و رۆژانە بەرەکانی جەنگ فراوان دەبن، لەبارەی کاریگەرییەکانی گرژی و ئاڵۆزییەکان لەسەر کورد بەڕێوەبەری ناوەندی فەرەنسی بۆ توێژینەوە لەسەر عێراق دەڵێت، ئێستا کورد لەنێو پرۆسەی دروستکردنەوەی مێژووی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایە.

عادل باخەوان، بەڕێوەبەری ناوەندی فەرەنسی بۆ توێژینەوە لەسەر عێراق لە بووڵتەنی کاژێر ١٢:٠٠ـی رووداو لەبارەی دوایین پێشهاتەکان و بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆشکی ئێلیزێ لەلایەن سەرۆکی فەرەنساوە رایگەیاند، "گرنگیی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆشکی ئێلیزێ لەوەدایە کە ئێستا جارێکی دیکە مێژوو دروستدەکرێتەوە و دەنووسرێتەوە، فەرەنساش هێزێکی کاریگەری جیهانە و دەیەوێت کورد بەشدار بێت لە پرۆسەکەدا".

بەشێک لە چاودێرانی دۆخی سیاسیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەگەر هەیە جەنگی نێوان ئیسرائیل و حەماس زیاتر پەرەبسێنێت و لە داهاتوودا ببێتە هۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسی و ئەمنی لە ناوچەکەدا. ئەمریکاش دەڵێت، لە رێگەی هاوپەیمانەکانییەوە هەوڵی ئەوە دەدات شەڕەکە نەبێتە شەڕێکی هەرێمی.

نزیکەی مانگێکە ئیسرائیل و حەماس لە شەڕدان، بەگوێرەی تەندروستیی غەززە، لە 7ـی مانگی رابردووەوە کە هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل، تاوەکو ئێستا زیاتر لە نۆ هەزار فەلەستینی کوژراون، لە بەرامبەردا، ئیسرائیل دەڵێت، 1400 کەسی سڤیلیان لێ کوژراوە.

ئەمڕۆ هەینی، ٣ - ١١ - ٢٠٢٣ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەرەنسا کۆبووەوە و بەپێی زانیارییەکانی رووداو لە کۆبوونەوەکە تەوەرێکی سەرەکی تاوتوێکردنی دۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێت.

**عادل باخەوان گوتی،** "دوو مانگە ئامادەکاری بۆ ئەم دیدارە دەکرێت، لە ئەجێندای سەرۆککۆماری فەرەنسادا ئەمە تاکە سەردانە لەم مانگەدا هەڵنەوەشاوەتەوە بەهۆی بارودۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە چونکە ماکرۆن زۆر سەرقاڵی پێشهاتەکانە، ئەوەش بەو مانایە دێت کە فەرەنسا گرنگی زۆر بە کورد دەدات".

هەر لەبارەی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، عەزیز ماملێ پسپۆڕی یاسای نێودەوڵەتی بە رووداوی گوت، لە ئەگەری فراوانبوونی ململانێکاندا، فەرەنسا لەگەڵ دۆستەکانی کۆدەبێتەوە.

**عەزیز ماملێ گوتیشی،** "فەرەنسا دەتوانێت گوشار لەسەر حکومەتی عێراق دروست بکات تاوەکو کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات، چونکە کۆمەڵێک پەیوەندی زۆری لەگەڵ عێراق هەیە و هەوڵدەدات رۆڵی هەبێت لەو وڵاتەدا، یەکێک لە داواکارییەکانی ئەوەیە ئەو گوشارانەی سەر هەرێمی کوردستان کەمبکرێنەوە".

لە سەرەتای هێرشی حەماس بۆسەر ئیسرائیل، فەرەنسا بە تەواوەتی هاتووەتە سەر هێڵ. ئیمانوێل ماکرۆن داوای کردووە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی حەماس دروست بکرێت.

**رێمی فێرۆ،** سیناتۆر و سیاسەتڤانی ناسراوی فەرەنسا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئالا شاڵی، نێردراوی تۆڕی میدیایی رووداو بۆ فەرەنسا، گوتی، "کاتی خۆی بەبێ بوونی هێزی کوردی لەسەر زەوی هاوپەمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش دروست نەدەبوو، بەبێ پێشمەرگە، لە سووریا، لە عێراقدا بۆردوومانی هێزەکانی ئەمریکا و فەرەنسا و ناتۆ کاریگەر نەدەبوون، "ئێستا ئێمە لە غەززە لە هەمان رەوشی جوگرافیدا نین، خۆ ئەگەر سەرۆکی فەرەنسا ویستبێتی بڵێت پێویستە هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی لە دژی تیرۆر هەبێت کە حەماس نوێنەرایەتییان دەکات، من پاڵپشتیی ئەو بیرۆکەیە دەکەم، بەڵام بە بڕوای من ئەو چەمکە زۆر ورد نییە و باش دانەڕێژراوەتەوە".

ئه‌و سیاسه‌تڤانه هۆشداریی دا له‌باره‌ی هه‌بوونی "پیلانێک" له رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست و گوتی، فه‌ره‌نسا ره‌وشی ناوچه‌که له‌گه‌ڵ دۆسته‌کانی تاوتوێ ده‌کات.

رێمی فێرۆ به دیاریکراوی گوتی، "ئه‌وه‌ی ئێمه ده‌یبینین ئه‌گه‌ر هه‌یه پیلانێک هه‌بێت بۆ بڵاوکردنه‌وه‌ی ململانێ له ناوچه‌که‌دا و ئه‌وه‌ش پێویستی به کاری دیپلۆماسی به‌رفراوان هه‌یه، ئێمه وه‌کو فه‌ره‌نسا ده‌بێت ئیراده‌ی ئه‌وه‌مان هه‌بێت که دۆسته‌کانمان نه‌بنه قوربانی که کورد له ریزی پێشه‌وه‌یاندایه".

سه‌رچاوه: ماڵپه‌ڕی رووداو - رێکه‌وتی: ٣ی نۆڤه‌مبه‌ری ٢٠١٣

# میوانی ئێلیزێ




**ئاریان فەرەج**

سەرۆک ماکرۆن جارێکی دیکە لە کۆشکی ئێلیزێ پێشوازی لە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی کرد کە ئەو بە "نێچیرڤانی ئازیز" ناوی دێنێت.

دیداری ئەم جارەی هەردوو سەرۆکی دۆست لە دۆخێکدایە ناوچەکە لە نێو شەڕ و مەترسیی تەشەنەکردنی و دابەشبوونی هەمووان بەسەر سەنگەربەندیی لایەنە بەشەڕهاتووەکاندایە. شەڕەکە بە ئەندازەیەک سێبەری بەسەر هەموو پرسەکاندا کێشاوە، مەعلوم نییە ئەو (روانگە چارەسەرییەی ماکرۆن بۆ کۆکردنەوەی عێراق و هاوسێیەکانی) هەیبوو و لەگەڵ سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دا چەند ساڵێک بوو دەیانویست شەریک و پشتیوانی لەنێو عاقڵمەندانی عێراق و دەوروبەری دا بۆ ببیننەوە، هێشتا وەک پرۆژەیەک ماوە و دەستی پێوەدەگیرێ یاخود شەڕ لەگەڵ خۆی پێچایەوە .

لە راستیدا ئەو پرۆژەیە مابێت یان نا، دواخرابێت یان بە یەکجاری دەستی لێ شۆرابێت، تاکە پرسی هاوبەشی نێچیرڤان - ماکرۆن و فەرەنسا و کوردستان نییە. رایەڵەیەکی نەگۆڕ و جدییتری پەیوەندیی ئەو دوو سەرۆکە (جگە لە متمانە و سەرسامیی شەخسیی سەرۆک ماکرۆن بە دنیابینیی هێور و چارەسەرخوازانەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی)، بریتییە لە

پشتگیریی فەرەنسا لە گەلی کوردستان کە هەڵقوڵاوی فەلسەفەی سیاسیی و مۆراڵیی وڵاتەکە و لەسەر بنەمای گرەوێکی ٣٠ ساڵەی فەرەنسییەکانە لەسەر گریمانەیەک کە پێیوایە کوردستانییان دیموکراسیخوازن و لێیان دەوەشێتەوە نموونەیەکی سەرکەوتووی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مرۆڤ و پێکەوەژیان و ئازادی لە ناوچەیەکی نامۆ بەم بەهایانە سەربخەن، بایی هێندەش ئەزموون و هۆشیاری سیاسییان هەیە کە تێدەگەن چارەنووسیان پەیوەستە بە سەرکەوتن لەو تاقیکردنەوەیە و سەلماندنی ئەوەی شایستەی گرەولەسەرکردن و ئەهلی سەرخستنی ئەو نموونەیەن و پاشەکشەی لێ ناکەن.

رایەڵە و نەگۆڕێکی دیکەی روانگەی هاوبەشی ماکرۆن - نێچیرڤان دەربارەی چارەسەریی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدایە کە هێشتا قەیرانبارە و لەم دیدارەش دا تەوەری باس دەبێت. پاریس لە ٢٠١٧ـەوە پێیوایە باشترین چارەسەر بۆ ئەو کێشانە بەرقەراربوونی کوردستانێکی بەهێزە لە عێراقێکی یەکگرتوودا کە لە یەک کات دا کۆتایی بە کێشەکانی کوردستان بهێنێت و هەروەهاش خزمەتی سەقامگیری سیاسی و بووژانەوەی عێراقیش بکات. لە تێڕوانینی هاوبەشی هەردوو سەرۆک دا ئەم ئامانجە بەوە دێتەدی کە کوردستان هەرێمێکی یەکگرتووی یەکدەنگ و بەغداش پایتەختێکی ئیرادەبەدەست و عێراقیش وڵاتێکی بەڕاستیی ئیتیحادی بێت کە بە تەواوی لە چەمکی فیدراڵیزم تێگەیشتبێ و پیادەی بکات .

باس و خواسێکی دیکەی دیداری لووتکەی ئێلیزێ، شەن و کەوی ئەو شەڕە وێرانکار و مەترسیدارەیە کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئارادایە. دیدی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەم بارەیەوە روونە و سەرۆک ماکرۆنیش پێی ئاشنایە، لە دیدی سەرۆک نێچیرڤان دا شەڕ ئەو کوێرە رێگە و ئەو ئامرازە بێ کەڵکەیە کە جگە لە ماڵوێرانی و ئاڵۆزکردنی زیاتری گرفتەکان، هیچ کێشەیەکی نەگەیاندووە و ناگەیێنێتە چارەسەر، کێشەی مێژوویی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیش جگە لە دانانی هەردوولا بە مافی هەبوون و ژیان و دەوڵەتی یەکدی، چارەی دیکەی نییە. هەر لەم پێودانگەوەیە سەرۆک نێچیرڤان لەبارەی ئەم شەڕەوە دەڵێ: دەبێ هەموو لایەک لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەرژەوەندیی باڵای گەل و وڵات بخەینە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوە و بە هیچ پاساوێک نابێ رێگە بدرێت وڵاتەکەمان ببێتە بەشێکی شەڕ و ئاشووبی ناوچەکە کە جگە لە زیان و ناسەقامگیری و چارەنووسێکی نادیار، هیچ سوودێکی دیکەی بۆ عێراق و بۆ هەرێمی کوردستان تێدا نابێت. لە هەرێمی کوردستانیش دەبێ ئەو شەڕە و مەترسییەکانی، کۆمانبکاتەوە و وابکات ناکۆکییەکانمان تێپەڕێنین.

لە راستیدا ئەم شەڕە و زیانەکانی دەبێ لە داهاتوودا زەوینە بۆ پیادەکردنی روانگەی کارەکتەرە میانڕۆ و دانوستاندنخواز و ئاییندەبینەکانی ناوچەکە فەراهەم بکات، دەبێ رێی باشتر بۆ ئەو سیاسەتڤانانە بکاتەوە کە کەمتر بۆ رابردوو و زیاتر بۆ ئاییندە و ئاییندەسازی دەڕوانن، میانڕۆیی و دانوستاندنخوازی و یەکدی خوێندنەوە لەجێی شەڕ و یەکدی سڕینەوە، رێبازیانە کە بە هەڵسەنگاندنی چاودێران بۆ روانگە و دنیابینیی سیاسەتڤانانی ناوچەکە، نێچیرڤان بارزانی یەکێکیانە.

پێشوازیی ئێلیزێ لەم ساتەوەختەدا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و راوێژپێکردنی لەم پرسە هەستیارەدا، ئاماژەی متمانە و باوەڕی سەرۆک ماکرۆنە بەکارەکتەر و روانگە و دوونیابینیی سەرۆک نێچیرڤان و لە هەمان کاتیشدا پەیامێکە پێمان دەڵێت: پێگە و ئیعتباری هەرێمی کوردستان هێشتا لە بازنەی بایەخدایە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

# سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ پاریس: فەڕەنسا و تەنیایی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان




د. پەرویز ڕەحیم قادر\دکتۆرا لە ئاسایشی نەتەوەیی و مامۆستای زانکۆ

ناوچەکە بەگشتی و عێراق بەتایبەتی بە دۆخێکی ئاڵۆز و مەترسیدار و هەستیاردا تێ دەپەڕێت، لەم نێوەندەیشدا جەنگی حەماس و ئیسرائیل تا ڕادەیەک ئەگەری تەشەنەسەندن و توندبوونەوەی بارگرژییەکانی بەرز کردۆتەوە، کە هەموو سەرنجەکانی لەسەر جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرسووڕاندووە. ئەمەیش بەو واتایە دێت کە لە لایەک خودی ناوچەکە هەرێمێکی گرنگ و پڕ لە کێشەیە کە وەکوو بەرمیلێکی باڕووت لە هەر ئانوساتێکدا ئەگەری تەقینەوەی هەیە و، لە لایەکی تریشەوە ئەکتەرەکانی بەشدار بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەکتەری سەرووهەرێمی و هەرێمایەتیی گرنگن، چ لە ڕووی هاوکێشە جیۆسیاسییەکانەوە بێت و چ لە ڕووی ئاسایشی وزە و جیۆئیکۆنۆمییەوە. تەنانەت بە پێچەوانەی سنووردارێتیی شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیایی و گۆڕەپانی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا، ئەم جەنگەی حەماس و ئیسرائیل بەهۆی بەشداریی ئەکتەرێکی وەکوو ئێران یان ئەکتەرێکی نادەوڵەتیی وەک حزبوڵڵای لوبنان، ئەگەری بەنێودەوڵەتیبوونی دێنێتە ئاراوە.

هەموو ئەمانە وای کردووە کە هەموو ئەکتەرەکان بەهەستیارییەوە مامەڵە بکەن و ئاگاداری ئەوە بن کە هیچ ئەکتەرێک بەتەنیایی نەکەوێتە ناو ئەو جەنگەوە، چونکە نە ئیسرائیل بەتەنیا دەتوانێت سەرکەوتوو بێت و نە حەماس بەبێ پشتیوانیی ڕای گشتیی جیهانی عەرەبی و پاڵپشتیی ئێران و هێزە پرۆکسییەکانی، توانای ئەوەی هەیە؛ هەر ئەم فاکتەرەیش وای کردووە ئەم جەنگە لە بچووکترین هەڵە یان ڕووداوێکی نەخوازراو یان لێکدانەوەی حساباتی هەڵە، ببێتە

جەنگێکی هەرێمـایەتی و تەنـانەت نێـودەوڵەتی. لەم چوارچێـوەیەدا تـاکە ئەکـتەری نـادەوڵەتی، هەرێمـی کوردسـتانە لە نـاوچەکەدا کە بەدەست تەنیـایی ستراتیژیک (strategic loneliness)ەوە دەناڵێنێت؛ بەو واتـایەی کە بەپێچەوانەی ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکـان لە نـاوچەکەدا، کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتـایبەتی ناتوانێت پشت بە هیچ دەوڵەت یـان ئەکتەرێکـی هەرێمـایەتی بە شـێوەیەکی سـتراتیژی ببەسـتێت؛ تەنـانەت ئەکـتەرە نادەوڵەتییەکـانی وەکـوو حزبـوڵلا، حەمـاس، حەشدی شەعبی و حووسییەکانی یەمەن، جگە لەوەی کە لە ڕووی نەتەوایەتییەوە زۆرینەن، لە هەمـان کاتیشدا لەلایەن ئەکتەرێکی دەوڵەتـی و ئەکـتەرە نادەوڵەتییەکـانی هاوشێوەی خۆیـان پاڵپشتی دەکرێن؛ دوایـین نموونەیش پشـتیوانیی ئێـران و گـروپە چەکـدارە میلیشـیاییەکانە لە حەمـاس و، تەنـانەت پشـتیوانیی دەوڵەتـانی عەرەبـی لە خەڵکـی غەززە و، لە ئاستی نێودەوڵەتییش گوشار و داواکارییەکان بۆ ڕاوەستانی جەنگ.

لەم چوارچێوەیەدا، هەرێمی کوردسـتان جگە لە گوشـارەکانی ڕابـردوو لە عێـراق و نـاوچەکەدا، هەروەهـا نـاڕوونیی چارەنووسـی ڕۆژاوای کوردسـتان، لەم جەنـگەدا ڕووبەڕووی مەتـەسـیی گەورە بـۆتەوە، چـونکە لە لایەک لەژێـر گوشـاری بەغـدا و هەڕەشـەی بەردەوامـی هێـزە میلیشـیاییەکانە و لە لایەکـی تریشــەوە لە ئەگەرەی بەرفراوانبـوونی جەنـگ، بەهـۆی درواسـێیەتیی لەگەڵ ئێـران و بـوونی هێزەکـانی ئەمریکا و هاوپەیمانـان، دەبێتە گۆڕەپـانی جەنگەکە. هەر بـۆیە فەڕەنسـا لە پـاڵ ئەمریکـا، وەکـوو ئەکتەرێکی سـەرووهەرێمی و ئەنـدامی ئەنجـومەنی ئاسـایش، ئەو دەوڵەتەیە کە لە قۆنـاغە وەرچەرخانییەکـانی ڕابـردوو وەکـوو سـاڵی ١٩٩١ و جەنگـی دژی داعـش و تەنـانەت لە پـاش ڕووداوەکـانی ١٦ی ئۆکتـۆبەری سـاڵی ٢٠١٧ توانیـویەتی هەرێمـی کوردسـتان لەو تەنیـاییە سـتراتیژییە نـاوچەییە ڕزگـار بکـات. هەر بـۆیە بـوونی پەیوەنـدیی بەهێـز لەگەڵ فەڕەنسـا، چ لە ڕووی مێـژوویییەوە و چ لە ڕووی بەرژەوەنـدیی فەڕەنسـا لە نـاوچەکە، دەتوانێت وا بکـات هەرێمـی کوردسـتان بەرزتـرین ئاسـتی ئەولەوییەتی ئاسایشی خۆی دەستەبەر بکات؛ کە ئەویش مانەوەیە.

بـۆیە ئەگەر بـۆ ئەکـتەرە دەوڵەتییەکـان، بـوونی پەیوەنــدیی سـەرووهەرێمی دەسـتەبەری هێــز و پــێگەی جیۆسیاســی و بەرژەوەنـدیی ئـابووری بکـات، بـۆ ئەکتەرێکـی نـادەوڵەتیی وەکـوو هەرێمـی کوردسـتان، کە لە تەنیـاییی سـتراتیژیدا دەژیـت، پرسێکی ئاسـایی نییە، بەڵکـوو پرسـێکی ژیـانییە و لە سەرووی هەمـوو پرسـەکانی دیکەوەیە. هەر بـۆیە لە مـاوەی ڕابـردوودا سـەردانی سـەرۆککۆماری فەڕەنسـا بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، هەروەهـا پێشـوازیکردنی ئاسـتبەرز لە بەڕێـز نێچیرڤـان بـارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز مەسروور بـارزانی، سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیرانـی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوانـگەی فەڕەنسا بـۆ هاوکێشـەکانی نـاوچەکە و گرنگیی هەرێمی کوردستان لە سـتراتیژیی ئەو دەوڵەتەدا نیشـان دەدات. لێـرەدا تەنیـا ئاماژە بە چەند خاڵ و فاکتەرێک دەکەین کە لە ئێستادا هەردوو لایەن سوود لەم پەیوەندییانە دەبینن:

## فەڕەنسا:

١- فەڕەنسا لەگەڵ بەرفراوانبوونی جەنگەکە نییە و، هەر بۆیە نایەوێت ئەم جەنگە فراوان بێت و بەم پێیەیش سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان دەکات، دەتوانێت لە هاوکێشەکانی عێراق وەکوو هێزێکی بالانسەر لە حکوومەتی عێراق رێگە لەو پلانە بگرێت کە عێراق بکەوێتە ناو ئەو جەنگەوە.

٢- فەڕەنسا لە ماوەی ڕابردوو ڕێککەوتنێکی بە بەهای ٢٧ ملیار دۆلار لەگەڵ بەغدا واژۆ کردووە؛ هەر بۆیە هەر ناسەقامگیری و نائاسایشییەک لە عێراق و ناوچەکە، لە ڕووی ئابوورییەوە زیان بە بەرژەوەندییەکانی فەڕەنسا دەگەیەنێت.
٣- جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا وای کردووە کە وڵاتانی ئەوروپی بە دوای جێگرەوەی وزەی ڕووسیا بگەڕێن و، بەم پێیەیش هەر جەنگ و پشێوییەک لە ناوچەکە و بەتایبەتی تێوەگلانی عێراق یاخود میلیشیا شیعەکان، دەتوانێت کاریگەریی لەسەر هەڵکشانی نرخی نەوت لە ئاستی جیهانی هەبێت. ئەمەیش قەیرانێکی گەورە لە ناوخۆی فەڕەنسا دروست دەکات.

٤- بەشێکی سەرەکی لە جەنگ و پشێوی و ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانەوە بەڕێوە دەچێت و تەنانەت ئەم جەنگەی دواییش هەر بەم شێوەیە و ئەگەری تەشەنەسەندنی جەنگەکەیش هەر بەهۆی بەشداری و تێوەگلانی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانەوە دەبێت کە دەتوانێت وا بکات لە کۆتاییدا ئەکتەرە دەوڵەتییەکانیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان ناچار بن بەشداریی جەنگەکە بکەن؛ هەر بۆیە بۆ فەڕەنسا زۆر گرنگە کە پشت بە ئەکتەرێکی متمانەپێکراوی وەکوو هەرێمی کوردستان ببەستێت. ئەم خاڵە، یەکجار گرنگە؛ کە وای کردووە هەرێمی کوردستان لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە بپارێزرێت.

٥- هەڵکەوتەی جوگرافیی هەرێمی کوردستان لە لایەک و ئامادەیی هێزەکانی فەڕەنسا لە ڕۆژئاوای کوردستان و گرنگیی ئەو ناوچەیە بۆ فەڕەنسا، وا دەکات کە هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی فەڕەنسادا پێگەیەکی دیاری هەبێت.

٦- فەڕەنسا هەمیشە یەکەم دەوڵەتی ئەوروپی یان ڕۆژئاوایی بووە کە ڕووبەڕووی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان بۆتەوە و بەهۆی بوونی بەرزترین ڕێژەی موسڵمانان، بەتایبەتی جەزائیری و مەغرەبییەکان لەو دەوڵەتەدا، هەمیشە هەستیار بووە بە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر بۆیە جەنگی دژی تیرۆر و توندڕەوی، ئەولەوییەتی سەرەکیی فەڕەنسییەکانە،

چونکە زۆرینەی کۆمەڵگە و بڕیاربەدەستەکانی ئەو دەوڵەتە، هاوڕان کە ئەگەر لە سەرچاوەوە ڕووبەڕوو یاخود بەرەنگاری هێزە توندڕەوەکان نەبینەوە و سەرچاوەکانیان وشک نەکرێت، ئەوە دەبێت لە پاریس ئەم کارە ئەنجام بدەین. لەم چوارچێوەیەیشدا هەرێمی کوردستان بەهۆی پێگە و هەڵکەوتەی جوگرافی، هەروەها ئازایەتیی هێزی پێشمەرگەوە، ڕۆڵێکی کارای لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش هەبووە و هەیە. بۆیە فەڕەنسا دەیەوێت ئەم ڕۆڵە بەردەوام بێت و، ئەم بەردەوامییەیش لە ڕێگەی بەهێزبوونی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێت، نەک بە پێچەوانەکەی.

٧- بۆ فەڕەنسا و تەنانەت دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپییش ناسەقامگیری و توندوتیژی و نائاسایشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە واتای کۆچبەر و لێشاوی پەنابەران دێت؛ ئەمەیش قەیرانێکی گەورەی سیاسی و مرۆیی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت کەلتووری و ئاسایشیی لەو دەوڵەتانە دروست کردووە و جەنگی حەماس و ئیسرائیل و کاردانەوەی موسڵمانانی ئەو دەوڵەتانە و بەتایبەتی فەڕەنسا، زیاتر ئەمەی دەرخست. هەر بۆیە بۆ فەڕەنسا زۆر گرنگە کە ناوچەیەکی پارێزراو هەبێت کە ڕێگە لە لێشاوی سەدان هەزار پەنابەر و کۆچبەر بگرێت- وەکوو ساڵی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ و شەپۆلی کۆچبەران و پەنابەرانی سووریا بۆ ئەورووپا. ڕاستییەکەی، ئەورووپییەکان بە هیچ شێوەیەک ئامادە نین و توانای ئەوەیان نییە کە جارێکی دیکە هاوشێوەکەی ڕوو بدات، چونکە جگە لە قەیرانی مرۆیی و کۆچبەرانی ئۆکراینا، تاوەکوو ئێستا لێکەوتە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لە سیاسەتی ناوخۆیی ئەو دەوڵەتانەدا بەهۆی بەهێزبوونی ڕاستڕەوە توندڕەوەکانەوە دەبینرێت. بۆیە ئەگەر ئەم جارەیش هەر قەیران و جەنگێکی نوێ لە ناوچەکەدا ڕوو بدات، بە سەدان هەزار کەس دەگەنە دەروازەکانی ئەورووپا و ئەمەیش قەیرانێکی گەورە بۆ ئەورووپییەکان و بەتایبەتی فەڕەنسا دروست دەکات کە تاوەکوو ئێستا مشتومڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بە موسڵمانان لەو دەوڵەتە و لێکەوتە ئاسایشی و کەلتووری و ئابوورییەکانی هەر بەردەوامە و، ئەگەری بەهێزبوونی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە ئەورووپا بەگشتی و فەڕەنسا بەتایبەتی بەرز دەکاتەوە، کە تاوەکوو ئێستا تەنیا هاوسەنگییەکی لەرزۆک ڕای گرتوون کە دەست بەسەر هەموو دەوڵەتانی ئەورووپیدا بگرن و هەر قەیرانێکی نوێ دەتوانێت ئەم هاوسەنگییە لەرزۆکە بگۆڕێت. هەر بۆیە دەسەڵاتدارە ئەورووپییەکان و فەڕەنسییەکان بەتوندی دژی بەرفراوانبوونی ئەم جەنگەن. لەم نێوەندەیشدا هەرێمی کوردستان وەکوو ناوچەیەکی ئارام، وەکوو قەڵغانێکی جوگرافی و ئاسایشی بۆ ئەورووپییەکان کار دەکات کە جگە لەوەی چەند ملیۆن کەسی کورد ئاوارە نابن، مانەوە و بەردەوامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان ڕێگە لە ئاوارەبوونی ملیۆنان کەسی دیکەیش دەگرێت.

٨- بۆ فەڕەنسا پرسەکانی مافی مرۆڤ و فرەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی پێکهاتەکان پرسێکی گرنگ و هەستیارە و تەنانەت فەڕەنسا دەیەوێت لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان پەیوەندیی هەبێت؛ هەر بۆیە هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا جێگەی سەرنج و بایەخی ڕۆژاواییەکانە و فەڕەنساش دەیەوێت ئەم پێگەیە بپارێزرێت. سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لەم بوارەدا

لە ئاستی نێودەوڵەتی، هەوڵی داوە کە سیمای کۆمەڵگەیەکی میانڕەو و شارستانی و مۆدێرن لە هەرێمی کوردستان وێنا بکات. بۆ فەڕەنسییەکان ئەم ڕەهەندەی هەرێمی کوردستان هەم گرنگ و هەسیتارە و هەمیش دەتوانێت بەڵگە و پاساوێک بێت بۆ فەڕەنسییەکان بە مەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و پاراستنی هەرێمی کوردستان.

### هەرێمی کوردستان:

١- بەهۆی ئەم تەنیاییە ستراتیژییە (strategic loneliness)ی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا، بوونی ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی و سەرووهەرێمیی وەکوو فەڕەنسا، دەتوانێت ئابلووقە و گەمارۆ جیۆسیاسیەکان بشکێنێت و هەرێمی کوردستان لەم ڕێگەیەوە بتوانێت لە هاوکێشەکاندا ڕۆڵ و پێگەی خۆی بپارێزێت. تەنانەت ئەم پێشوازییە ئاستبەرزە دەتوانێت پەیامێک بێت بۆ ئەکتەرەکانی دیکەی هەرێمایەتی کە هەرێمی کوردستان ئەکتەرێکی تەنیا نییە و پاڵپشتیی نێودەوڵەتیی هەیە لە ئەگەری هەر ململانێ و جەنگێکی چاوەڕوانکراودا.

٢- ئەم جەنگەی حەماس و ئیسرائیل و ئەگەرەکانی، وا دەکات هەرێمی کوردستان لە ململانێ و جەنگە گریمانەکراوەکانی ناوچەکەدا پێویستیی بە ئەکتەرێکی وەکوو فەڕەنسا هەبێت؛ بەتایبەتی کە فەڕەنسا لە پاش دەرچوونی بریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا تاکە دەوڵەتی "یەکێتیی ئەورووپی"یە کە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش بێت.

٣- عێراق لە ڕووی وەبەرهێنانی دەرەکی و تەکنەلۆژییەوە و، هەروەها پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گاز، پێویستیی بە فەڕەنسا هەیە و ئەم دەوڵەتە بە بەراورد بە دەوڵەتانی دیکەوە کەمترین دژایەتیی دەکرێت؛ هەر بۆیە فەڕەنسا دەتوانێت لە ئاستی عێراق پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێز بکات و پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە و، فەڕەنسا لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە دەتوانێت بۆ دەستەبەرکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی فەڕەنسا، کاریگەریی لەسەر هاوکێشەکانی بەغدا هەبێت. هەروەها فەڕەنسا بەردەوام ناوبژیوانیی لە نێوان ئێران و ئەمریکا کردووە؛ هەر بۆیە لە کاتی پێویستیش دەتوانێت هەمان ڕۆڵ بۆ هەرێمی کوردستان و بەغدا بگێڕێت.

٤- تاوەکوو ئێستا جەنگی دژی داعش هەر بەردەوامە و هەرێمی کوردستان پێویستیی بە یارمەتییەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش هەیە. فەڕەنساش وەکوو ئەکتەرێکی کاریگەر و بەشدار لەم هاوپەیمانێتییە، لە ڕووی سەربازی و ئاسایشییەوە ڕۆڵێکی کارای لە جەنگی دژی داعش و پاڵپشتی لە هەرێمی کوردستان هەیە.

٥- پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا ئاسایی نییە و هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دۆخێکی نالەباری ئابووری بۆتەوە لە پاش ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ. هەر بۆیە فەڕەنسا چ بۆ بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەکانی عێراق، چ بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی، دەتوانێت ڕۆڵی نێوەندگیر ببینێت و هەر بۆیە یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی گفتوگۆی نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی فەڕەنسا ئەم پرسەیە، کە بۆ دووبارە بەهێزبوونەوەی هەرێمی کوردستان ئەولەوییەتی سەرەکی هەیە.

٦- سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییانەوە دەتوانێت لە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان بەغدا و پاریس بەشدار بێت و بەشێک بێت لەو پەیوەندییە بازرگانی و ئابووری و سەربازی و ئاسایشییانە و، ئەمەیش بۆ ئەکتەرێکی نادەوڵەتی لە چوارچێوەی عێراقدا زۆر گرنگ و پڕبایەخە.

## کۆبەند

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکی هەستیاری ناوچەیی و عێراقی و کوردستانیدا لە پاریس پێشوازیی لێ کرا. ئەمەیش دەری دەخات کە هەرێمی کوردستان پێویستیی بە گەڕ یاخود جووڵەیەکی بەرفراوانی دیپلۆماسی لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی هەیە بۆ خۆپاراستن لە لێکەوتەکانی جەنگ لە ناوچەکە و، هەروەها دەستەبەرکردنی پشتیوانیی نێودەڵەوتی لە هاوکێشەکانی بەغدا و هەولێر. شکاندنی ئابلووقە و گەمارۆ جیۆسیاسییەکان بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر تەنیاییی ستراتیژی بۆ ئەکتەرێکی دەوڵەتیی وەکوو ئێران لە ڕێگەی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەکوو حەماس و حزبوڵڵا و حەشدی شەعبی و ئەنساروڵڵا لە یەمەن و...، دەبێت و بۆ دەربازبوون لە تەنیاییی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان، وای کردووە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەنا بۆ ئەکتەرە دەوڵەتییە سەرووهەرێمایەتییەکان ببات. بۆیە دەتوانین کرۆکی ئەم سەردانە لەم چوارچێوەیەدا پۆلین و خوێندنەوەی بۆ بکەین. هەروەها ئەزموونی ڕابردووی هەرێمی کوردستانیش سەرکەوتنی ئەم سیاسەتەی سەلماندووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوش – ڕێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

## رەهەندەکانی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پاریس




**کارۆخ خۆشناو**

وەک دەزانین پەیوەندییەکی پتەو هەیە لەنێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسا، بە دیاریکراویش لەنێوان ئیمانوێل ماکرۆن و نێچیرڤان بارزانی. لەسەر ئەم بنەمایە و لەسەر بانگهێشتی فەرمی سەرۆکی فەرەنسا، رۆژی هەینی ٣ - ١١ - ٢٠٢٣ سەرۆکی فەرەنسا (ئیمانوێڵ ماکرۆن) لە کۆشکی ئێلیزێ میوانداری نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد.

لەو دیدارە مێژووییەدا چەند پرسێکی گرنگی سیاسی و ئابووری و سەربازی تاوتوێ کران، بە ئامانجی پەرەپێدانی پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان هەردوولا، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش، بەمەبەستی تێپەڕاندنی ئەم قۆناخە هەستیارەی کە ناوچەکە و جیهانی پێدا تێدەپەڕێت.

سەردانی ئەمجارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، چونکە لە کاتێکی هەستیاردا ئەنجام دەدرێت کە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە قەیرانێکی قووڵدا تێپەڕدەبێت، بۆیە سەردانەکە کۆمەڵێک رەهەندی جیاواز لەخۆدەگرێت بە تایبەت لە بوارەکانی (سیاسی، دیپلۆماسی، ئاسایش، ئابووری و کولتووری) کە لە خوارەوە بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین.

## یەکەم: ڕەهەندی سیاسی و دیپلۆماسی

کۆماری فەرەنسا وەک وڵاتێکی زلهێزی ئەوروپی و جیهانی، ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش و خاوەن مافی ڤیتۆیە، ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان هەیە، بۆیە برەودان بە پەیوەندیی دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فەرەنسا گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئاڵنگاریانەی کە ئێستا ڕووی لە ناوچەکە کردووە. بە واتایەکی دیکە، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا پارێزراو بێت و بتوانێت پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکات لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا، گرنگە برەو بە پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی بدات لەگەڵ ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بەگشتی و فەرەنسا بەتایبەتی، چونکە فەرەنسا لە ڕابردوودا (هاوشان لەگەڵ بەریتانیا) ئەندازیار و دیزاینەری نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە، هەروەها دەسپێشخەر بووە لە دەرکردنی بڕیاری دژە فڕینی ژمارە (٦٨٨)ی ئەنجوومەنی ئاسایش و دابینکردنی نەوای ئارام بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، بۆیە لە ئێستا و داهاتووشدا فەرەنسا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان. لەم ڕووەوە فەرەنسا لە بەرنامەیدا بوو، لە کۆتایی ئەم مانگەدا لە بەغدا سێیەمین لووتکەی هەرێمیی ساز بکات، بەڵام بەهۆی شەڕی ئەم دواییەی نێوان حەماس و ئیسرائیل بۆ کاتێکی نادیار دواخراوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە بێجگە لە پەیامە ئاشکراکان، پێدەچێت پرسی دیکەش هەبن کە ئیمانوێل ماکرۆن لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا باسی بکات کە تایبەت بن بە دۆخی عێراق و هەڵوێستی عێراق لەم دۆخە ناسکەدا، ئەمە دواتر بە تێپەڕبوونی کات ڕووندەبێتەوە کە ماکرۆن دەیەوێت چ پەیامێک بگەیێنێت بە لایەنە عێراقییەکان.

## دووەم: ڕەهەندی سەربازی و ئاسایش

هاوکارییەکانی فەرەنسا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژی تیرۆر، ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا لە پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، لە داهاتووشدا فەرەنسا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت چونکە فەرەنسا لە چوارچێوەی هێزەکانی ناتۆدا بەردەوام دەبێت لە مانەوەی هێزەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان. لەم ڕوانگەیەشەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری بەرگریی فەرەنسا لە پاریس کۆبووەوە بۆ تاوتوێکردنی پرسەکانی پەیوەست بەم بوارە، هەڵبەتە ئەمە جگە لەو دۆخەی ئێستا ناوچەکە و عێراقی پێدا تێپەڕدەبێت، بە تایبەت لە ئەگەری فراوانبوونی بەرەکانی جەنگی غەززە، ئەوا عێراق و هەرێمی کوردستان دەبنە یەکێک لەو بەرانە، لە گفتوگۆکانی سەرۆک ماکرۆن و سەرۆک نێچیرڤان بە دڵنیاییەوە ئەمەش تەوەرێک بووە بۆ هەماهەنگی ئەمنی زیاتر لە نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستان، وەک خۆبەدوورگرتن لە مەترسییە هەرێمییەکانی ئەم جەنگە.

## سێیەم: ڕەهەندی مێژوویی

قـوولایی مێژوویـی هەروەک قـوولایی ستراتیژی لە پەیوەنـدییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئەکتەرەکـان کاردەکـات، بەم واتـایە کە ئەو کـاتەی لەنێـوان دوو ئەکـتەر و لایەن سـنووری جوگرافیـایی بـوونی نیـیە، ئەوە ئەزمـوونی رابـردوو و مێـژووی پەیوەندییەکان و کاری هاوبەش هەمان کاری قـوولایی ستراتیژی دەکـات. لەم چوارچێوەیەشدا، لە نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستاندا مێژوویەکی تایبەت هەیە، کە بنەمای پەیوەندییەکی تایبەت و درێژخایەن دادەڕێژێت.

لە هەنـاوی ئەم پەیوەنـدییە مێـژووییەدا چەنـدین سیاسی و کەسـایەتی تـایبەت هەیە، وەک دانیـال میتـران و ئەوانی دیـکە. هەروەهـا فەرەنسـا یەکێـک بـووە لەو وڵاتـانەی کە زۆر زوو کۆنسـوڵخانەی لە هەرێمـی کوردسـتان کـردووەتەوە و پەرەی بە پەیوەنـدییەکانی داوە لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان، ئەمەش وایکردووە لە کـاتی سەختی و تەنگ و چەڵەمەدا، فەرەنسا یەکێک بێـت لەو وڵاتـانەی کە لە ئەوانـی دیـکە خێراتـر بەدەم کێشـەکانی هەرێمـی کوردسـتانەوە بێـت. ئەگەر زۆر نەچیـنە نـاو ڕووداوەکـانی پـێش سـاڵی ٢٠٠٣، سـەردانی ئاسـتبەرزی بەرپرسـانی فەرەنسـا وەکـو سـەرۆککۆمارەکانی فەرەنسـا و وەزیرانـی دەرەوە و بەرپرسـە بـاڵا سـەربازی و بەرگرییەکانیـان بـۆ هەولێـر و لەبەرامـبەردا پێشـوازی لە سـەرۆک مەسـعود بـارزانی، سـەرۆکی پێشـووی هەرێمـی کوردستان و پاشـان سـەرۆک نێچیرڤـان بـارزانی، سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و هەروەهـا مەسـرور بـارزانی، سـەرۆکوەزیرانی هەرێمـی کوردسـتان قـوولایی مێژوویـی ئەو پەیوەنـدییانە دەردەخـات کە بە گـۆڕینی سـەرۆکەکانی لە فەرەنسا و بە پێچەوانەکەشی لە هەرێمی کوردستان ئەم پەیوەندییانە هەر بەردەوام و بەهێزن.

## چوارەم: ڕەهەندی ئابووری و وزە

ڕاسـتییەکەی ئەوەیە کە فەرەنسـا لەرێـی دەریـای سپی نێوەڕاسـت و پاشـان لوبنـان و سـووریا و عێـراق دەگـاتە کەنـداو و بەپێچەوانەکەشـی هەر ڕاسـتە، بـۆیە بـۆ فەرەنسـییەکان لوبنـان و سـووریا و عێـراق پـێگەی سـتراتیژییان هەیە و لەم نێوەندەشـدا ڕۆڵ و پـێگەی هەرێمـی کوردسـتان و سـەقامگیرییەکەی بەرجەسـتە دەبێـت. هەر بـۆیە فەرەنسـا بە گـرنگییەوە دەڕوانێتە فراوانکردنـی پەیوەنـدییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان، لەسـەر ئاسـتی سێکتەری ئـابووری و وزە، بـۆیە یەکێک لە کۆمپانیـا گەورەکـانی فەرەنسـا (تۆتـاڵ) وەبەرهێنـان لە سێکتەری وزەی عێراقـدا دەکـات بە بـڕی ٢٧ ملیـار دۆلار، ئەمەش بەڵگەی گرنگی پێگەی عێراق و هەرێمی کوردستانە لەسەر نەخشەی وزەی ناوچەکە و جیهان.

شایانی باسە کە زیاتر لە ٣٥ کۆمپانیای فەرەنسی لە کوردستان وەبەرهێنان دەکەن. فەرەنسا نایەوێت عێراق و هەرێمی

کوردستان بکەونە بەر مەترسییەکانی ئەم شەڕە، هەر بۆیە بۆ فەرەنسا زۆر گرنگە کە ناوچەکە بەگشتی و عێراق بەتایبەتی نەکەوێتە نێو ئەو جەنگ ئاڵۆزییانە کە زیانی بۆ ئاسایش و بەرژەوەندی فەرەنسییەکان هەبێت و لەم نێوەندەشدا ئارامی و سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ فەرەنسییەکان زۆر گرنگە و کاریگەری لەسەر پرسە ئابوورییەکان و بەتایبەتی ئاسایشی وزە بۆ ئەوروپییەکان دەبێت.

فەرەنسا هەم پێویستی بە شوێنی سەقامگیر و ئارام هەیە و هەمیش هاوبەشی جێگەی متمانە و باوەڕپێکراو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی. لە هەر دوو ڕەهەند و بواریشدا هەرێمی کوردستان بۆ فەرەنسییەکان ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت.

## پێنجەم: ڕەهەندی کولتووری و پێکەوەژیان

فەرەنسا گرنگییەکی تایبەت بە پێگەی پێکەوەژیان دەدات لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەم پێگەیە کەم وێنەیە لەسەر ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی. ئەم بەها هاوبەشە هۆکارێکە بۆ پاراستنی کەمینەکان و ڕێگرتنیان لەوەی کۆچ بکەن بۆ ئەوروپا و زێدی خۆیان بەجێبهێڵن.

لەلایەکی تریشەوە، بەهاکانی وەک مافی مرۆڤ، پێکەوەژیانی ئاشتییانە، دیموکراسی، ئازادی، یەکسانی، فرەیی یاخود پلۆرالیزم و عەلمانییەت و.. هتد، ئەو نۆرم و بەهایانەن کە فەرەنسا خۆی بە لانکەی دەزانێت و بەم پێیەش پابەندە بە جێبەجێکردنیان و تەنانەت دەیەوێت لە سیاسەتی دەرەوەشدا دەستیان پێوەبگرێت، هەر بۆیە ئەمە دەرفەتێکی ڕەخساندووە بۆ هەرێمی کوردستان کە لەم بوار و ڕەهەندەشەوە رایەڵەیەکی پەیوەندی لەگەڵ فەرەنسا دروست بکات و پێچەوانەکەشی بۆ فەرەنساش گرنگە کە لەسەر ئەو بنەمایانە هاوبەشی و پەیوەندی لەگەڵ ئەکتەرەکان هەبێت و لەم نێوەندەشدا هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە تاڕادەیەکی زۆر هەوڵیداوە لە ئاستی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی ئەم بەهایانە بپارێزێت بۆ نیشاندانی ئەزموونێکی جیاواز و تەنانەت بە ناڕاستەوخۆ گرێدانی خۆی بە فەرەنسا و جیهانی ڕۆژئاوایی.

هەر بۆیە بۆ فەرەنسییەکان زۆر گرنگە کە هەرێمی کوردستان سەرەرای هەموو تێبینی یاخود ڕەخنەکان هەڵگر و پارێزەری ئەم بەها و نۆرمانە بێت. لەم پەیوەندییەشدا، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بە کەسایەتییەک دەناسرێت کە بەردەوام لەئاستی هەرەمی کوردستان و عێراق و تەنانەت ناوچەکەدا گرنگی بەم بەها مودێرنانە داوە و لەم ڕێگەیەوە بە سەرکردەییەکی جێگەی متمانەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەناسرێت و هەر ئەمەش بە بەشێک لە نهێنی پێشوازی ئاستبەرز لە نێچیرڤان بارزانی و گوێگرتن لە را و پێشنیاز و ڕێزلێنان لە گوتاری بەرێزیان لە ناوەندە دیپلۆماسییەکانی

جیهان، دادەنرێت.

لە روانگەیەکی ترەوە، روانگەی نێچیرڤان بارزانی و سەرۆک ئیمانوێل ماکرۆن سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرس و کێشەکانی عێراق و ناوچەکە و تەنانەت سەبارەت بە پرسی هەنووکەیی ئێستای ناوچەکە کە جەنگی حەماس ئیسرائیلە، لە رێگەی دیالۆگ و بە رێگەی ئاشتییانە و هەروەها دەستەبەرکردن و رێزگرتن لە مافی چارەنووسی فەلەستینییەکان و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەگەڵ ئیسرائیلییەکان هەر یەک شتن و ئەم وێکچوونە هزری و پابەندبوونە بەهاییە وای کردووە کە لە رووی سیاسیشەوە هەمان روانگەیان هەبێت بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکانی عێراق و ناوچەکە.

ئەم سەردانە ئەڵقەیەکە لە هەوڵێکی بەردەوامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پتەوکردنی پێگەی دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان لە ئاستی جیهاندا، بە مەبەستی پاراستن و بەرەوپێشبردنی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا. بە تایبەت دوای ئەو هەموو گەمارۆ ئابووری و دیپلۆماسی و سیاسییانەی کە عێراق بەسەر هەرێمی کوردستانیدا سەپاندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کوردستان بە تایبەت کاراکتەری کاک نێچیرڤان بارزانی توانیویەتی بەردەوامی بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان بدات لە سەردەمی قەیرانەکانیشدا.

پێدەچێت و پێشبینی دەکرێت، لێکەوتەکانی ئەم سەردانە کاریگەری ئەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا هەبێت و لە هەمانکاتیشدا پەیامێکی دڵنیایی بێت بۆ لایەنە کوردستانییەکان لە هەرێمی کوردستان کە قەوارەی هەرێمی کوردستان پارێزراوە و لە ئاستی سیستمی نێودەوڵەتی پاڵپشتی لە مانەوە و بەهێزبوونی دەکرێت، چونکە ئەم جووڵە دیپلۆماسییە دەریخست کە بە پێچەوانەی بانگەشەی هەندێ لایەنی نێوخۆیی، هەرێمی کوردستان هێشتا بەشێکە لە ئەجێندا و پلانی هەرێمایەتی زلهێزەکان لە چوارچێوەی عێراق و ناوچەکەدا.

هەر ئەمەش دەتوانێت لە ئاستی عێراقدا پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکات و لە ئاستی نێوخۆیی هەرێمی کوردستانیش جۆرە سەقامگیری و دڵنیاییەک لەلای هاووڵاتییان دروست بکات و تەنانەت پەیامێکی دیپلۆماسی بێت بۆ دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان کە ئاسایش و سەقامگیری ئەو دەوڵەتانە پەیوەستە بە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان. لە رووی ئابووریشەوە ئەم سەردان و پێشوازییە کاریگەری ئەرێنی لەسەر کار و وەبەرهێنان و پلانی کۆمپانیا فەرەنسی و رۆژئاواییەکان دەبێت کە بۆ هەرێمی کوردستان پاش بڕیاری دادگەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە پاریس دەتوانێت گرنگی و واتای تایبەتی هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

# گەڕان بە دوای دابینکردنی بەرژەوەندییەکان بە ڕێگەی هێزی نەرمەوە



**قەرەنی قادری**

**هەرێمی کوردستان، عێراق و تەواوی وڵاتانی ناوچەکە لە دۆخێکی ئاڵۆزدا دەژین و خەریکی یارییەکی فرەلایەنن. هاوکێشە دەوڵەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە یاریکەری مەیدانەکەن و بە هەموو توانا و دەرفەتە سیاسی، ئابووری، دیپلۆماسی و ئەمنییەکانیانەوە هەر کامەیان هەوڵ دەدات ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرژەوەندییەکانیان دابین بکەن، بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا خەریکی یارییەکی قورسە، هاوکێشەیەکی نادەوڵەتی (هەرێمی کوردستان)ە و، ئەوەی کە تاچەند دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆی (پاراستن و بەهێزبوونی) خۆی مسۆگەر بکات؛ بۆ ئەوەیش دەبێت بە گەلێک کۆڵان و تەنگەبەراندا دەرباز ببێت. بێ شک لەو یارییەدا هێزی نەرم (دیپلۆماسی)یەکەی هەرێمی کوردستان کە ڕووی ئاخافتنی لە جیهانی دەرەوەی خۆیەتی، دەبێ دەوری سەرەکیی تێدا بگێڕێت.**

**بۆیە دەڵێن سیاسەتی دەرەوە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆ و کۆمەڵێک پێویستی، پرس و بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوان هاوکێشە (دەوڵەتی و نادەوڵەتی)یەکانە، کە هەوڵ دەدرێت بە ڕێگەی دیپلۆماسی (دانوستان)ەوە تا ئەو شوێنەی کە گونجاوە و، توانایی، لێهاتوویی و هێز بڕ دەکات، دابین بکرێت. سیاسەتی دەرەوە بەشێکی پەیوەندیی بە کاروباری ناوخۆوە**

هەیە و بەشێکیشی گرێدراوی باردۆخی ناوچە و جیهانە، هەروەها بە ڕێگەی چالاکیی دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوە، دەکرێت داخوازی، بەرژەوەندی و ئەولەوییەتەکانی وڵاتان بناسرێن. هێنری کیسینجێر لەو بارەیەوە دەڵێت: "سیاسەتی دەرەوە هونەری ناسینی ئەولەوییەتەکانە." واتە، هونەری ناسین و دابینکردنی بەرژەوەندییەکان پێکەوە مانا دەدەن، دەنا جیا لەوە هەوڵدانێکی بێئاکامە. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە سەردانە ڕەسمییەکەی ڕۆژی ٣-١١-٢٠٢٣ بۆ فەڕەنسا، لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەڕەنسا و وەزیری بەرگریی ئەو وڵاتە، لە دانیشتنەکانیدا ڕێک باسی لە ئەولەوییەتەکان (پرسە ژیانی و هەنووکەییەکان)ی هەرێمی کوردستان کرد.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی فەڕەنسا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، دەبێ بڵێین کە؛ پتەوکردنی هاریکاریی نێوان فەڕەنسا و عێراق و هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی عێراق و فەڕەنسا، گفتوگۆی هەولێر-بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، دۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووریی عێراق و دوایین پێشهات و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە، هەروەها هەوڵدان بۆ ڕێگرتن لە تەشەنەسەندنی جەنگ و پاراستنی خەڵکی سڤیل (لە جەنگی نێوان ئیسرائیل و حەماس)دا، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و مەترسییەکانی داعش، پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە"، گشتیان باس لە ئەولەوییەت و هاوبەشیی نێوان هەرێمی کوردستان و فەڕەنسا دەکەن.

هەروەها لە دیداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سێباستیان لوکۆرنو، وەزیری بەرگریی فەڕەنساش، هەر لەسەر بنەمای "ئەولەوییەت" باس لە پرسە گرینگەکانی دوو لایەن و ناوچەکە کرا و، وەزیری بەرگریی فەڕەنساش ڕاشکاوانە "جەختی لە پابەندی و بەردەوامیی پشتگیریی سەربازیی وڵاتەکەی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان کردەوە و ئامادەییی وڵاتەکەی بۆ فراوانکردنی هاریکاریی هاوبەش لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی عێراق و فەڕەنسا لە بواری سەربازی و ئەمنیدا دووپات کردەوە." ئەم سەردانە ڕەسمییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە فەڕەنسا، هەوڵدانێکی پێشوەختەیشە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداو و ئەو ئەگەرانەی کە لە داهاتوودا ڕوو دەدەن.

لە دیداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆککۆماری فەڕەنسا، باس لە سێ تەوەر کراوە: **بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان** وەکوو (پتەوکردنی هاریکاریی هاوبەشی نێوانیان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی عێراق و فەڕەنسا)، گفتوگۆی هەولێر ـ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، **بەرژەوەندیی عێراق** وەکوو دۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووریی عێراق، پتەوکردنی هاریکاریی هاوبەشی نێوانیان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی عێراق و فەڕەنسا و پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی عێراق و لێکگەیشتن و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا. **لە لایەنی ناوچەیی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)یشەوە**، باس لە دوایین پێشهات و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە کرا؛ هەروەها تیشک خرایە سەر هەوڵدان

بۆ ڕێگرتن لە تەشەنەسەندنی جەنگ و پاراستنی خەڵکی سڤیل و گەیشتنی هاریکاریی مرۆیی بە لێقەوماوان (لە جەنگی نێوان ئیسرائیل و حەماس)، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و مەترسییەکانی داعش. ئەم سێ تەوەرە هەرێمی کوردستان، عێراق، هەروەها ناوچەکە گشتیان پێکەوە دەچنە خانەی دابینکردنی بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە.

بەر لەو سەردانە ڕەسمییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ فەرەنسا، لە ١-١١-٢٠٢٣دا نێچیرڤان بارزانی لە هەولێر پێشوازیی لە ئالینا ڕۆمانۆوسکی، باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق کرد. لە کۆبوونەوەی نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و باڵیۆزی ئەمریکا، باس لە "برەودانی زیاتر بە پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی ئەمریکی - عێراقیدا کراوە، هەروەها هەردوو لا جەختیان لە بەردەوامیی هاریکاریی هاوبەش و گرنگیی پاراستنی ئاسایش و سەلامەتیی هێزەکانی هاوپەیمانان و نێردە دیپلۆماسییەکان لە تەواوی عێراق کردەوە.[١] هەر لەو کۆبوونەوەیەیشدا، کە کۆنسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان بەشدار بوو، دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش باسی لێوە کراوە.

جێی ئاماژەیە دوو خاڵی گرینگ کە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیداری لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، هەروەها لە فەرەنسا لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە جەختی لێ کردۆتەوە، بریتی بوون لە "برەودانی زیاتر بە پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی ئەمریکی - عێراق"، هەروەها "برەودان بە پەیوەندییەکانی فەرەنسا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و پتەوکردنی هاریکاریی هاوبەشی نێوانیان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی عێراق و فەرەنسا"، کە ئەمەیان هونەری دۆزینەوەی دەرگەیەکی ترە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە کۆڵانی ڕێککەوتنی ستراتیژیی ئەمریکا و فەرەنسا لەگەڵ عێراق، کە هەرێمی کوردستان چۆن بتوانێت لەو مەیدانەیشدا خۆی ڕێک بخات و یاریی خۆی تێدا بکات؛ هەروەها وەبیر بەغدا دێنێتەوە کە پێویستە ڕەچاوی ئەو "دوو ڕێککەوتنە ستراتیژی"یە بکات!

سیاسەتی دەرەوە تەنیا "هونەری ناسینی ئەولەوییەتەکان" نییە، بەڵکوو بۆ هەرێمی کوردستان "هونەری دابینکردنی بەرژەوەندییەکان"یشە، کە ئەویش دەبێ لە کۆڵانێکی گەلێک بەرتەسک، ئاڵۆز و پڕ لە کێشەی عێراق و ناچەکەدا دەرباز ببێت، کە بەداخەوە ئەوە دەڤەرەیش بە ناکۆکی، جەنگ و ململانێ بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە ئاڵۆزەکان بارگاوی کراوە. بۆیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێی ناوەتە ڕەوتێکی ئاڵۆز، جەنگ و قەیرانەوە، کە ئاوا زوو کۆتاییی پێ نایەت. لەبەر ئەوە لێکنزیکبوونەوە و کاری هاوبەش لە نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان پرسێکی ژیانی و پێویستیی

ڕۆژانەی وڵاتە و، یەکەمین کاریش ئەوەیە کە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکان پێویستە ناکۆکییەکان وەلاوە بنرێن، ئەدەبیاتی سیاسی و ئاراستەی قسەکردن بگۆڕدرێت و، دەست بە خاڵی هاوبەشەوە بگیرێ، چونکە پاراستن و بەهێزیی هەرێمی کوردستان ڕێک پەیوەندیی بە خاڵە هاوبەشەکان (بەرژەوەندیی گشتی)یەوە هەیە. بۆیە مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی گشتییش هەر لەو کۆڵانەوە دەرباز دەبێت.

ئەم هەوڵە دیپلۆماسییانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پێناو پاراستن و بەهێزیی هەرێمی کوردستانە. بەڵام دەبێ ئەوەیش بزانین کە بەهێزی و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی دیپلۆماسی (هێزی نەرم)ەوە ئەو کاتە هیوایەک و ڕووناکاییەک دەبەخشێت، کە هەرێمی کوردستان لە ناوخۆی خۆیدا بەهێز و یەکپارچە بێت، تا هەم هەوڵە دیپلۆماسییەکان ببێتە هێزێکی ماددی و بەرهەمیان هەبێت، هەمیش حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش خۆیان لەم هەوڵانە بکەنە خاوەن و، خۆیان بکەن بە بەشێک لە هەوڵەکە، هەروەها تێ بکۆشن کە بەشێکی سەرەکی بن بۆ ئەو یەکپارچەیییەی ناوخۆ؛ چونکە لە نەبوونی یەکپارچەیی و یەکریزیدا، هەوڵە دیپلۆماسییەکان بڕشتیان نابێت و بەرژەوەندییە گشتییەکانیش دابین ناکرێن. بۆیە حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، نابێت وەکوو بینەری یاری یان لایەنی سێیەم چاو لە ڕووداو و هەوڵەکان بکەن، یان ئەوەتا وەکوو ڕۆژنامەنووسێک ڕووداوەکان هەڵسەنگێنن، چونکە لە دۆخە هەستیار، ئاڵۆز و پڕ لە هاوکێشەکاندا، پرسی بەرژەوەندیی گشتیی هەرێمی کوردستان لە گۆڕێدایە.

یەکێک لە میکانیزمە سەرەکییەکانی پاراستن و بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان لە کردەوەدا ئەوەیە، کە کاری پێکەوەیی لەسەر خاڵە هاوبەشەکان (بەرژەوەندیی گشتیی هەرێمی کوردستان) بکرێت، واتە ڕێک لێرەیشدا ناسینی ئەولەوییەتە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان (بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان) دەوری سەرەکی دەگێڕێت بۆ کاری هاوبەش و کۆدەنگی لە هەرێمی کوردستان. پاراستن، بەهێزیی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی، لە گرەی یەکریزی و تەبایییدایە و، شک لەوەیشدا نییە، کە ئەمە پرسی هەمووانە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوش – ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

# گفتوگۆی ماکرۆن و نێچیرڤان بارزانی، ئاڵوگۆڕێکی دیپلۆماسیی واتادار



جۆرا سولەیمان

ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا بەم دواییە لە کۆشکی ئێلیزێ میوانداریی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی خۆبەڕێوەبەری کوردستانی عێراقی کرد. بەگوێرەی راگەیێندراوە فەرمییەکە، گفتوگۆکەیان بە پلەی یەکەم لەسەر هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بوو؛ بابەتێک کە بووەتە هۆی نیگەرانییەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتی. ئیمانوێل ماکرۆن کە چالاکانە بەشداری لە نێوەندگیریکردنی ململانێ نێودەوڵەتییەکان کردووە، گرنگییەکی زۆر بە دۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەتی ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین دەدات. زیادبوونی گرژییەکانی ئەم دواییەی غەززە سەرنجی سەرکردەکانی جیهان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی، بێ جیاوازی، راکێشاوە و بانگەوازی ئاگربەست و چارەسەری ئاشتییانە لە سەرانسەری جیهاندا دەنگی داوەتەوە.

نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی کوردستانی عێراق پێگەیەکی گرنگی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە و ئیدارەکەی هەمیشە هاوسەنگی لە هەڵوێستەکەیدا بەرامبەر ململانێ هەرێمییەکان پاراستووە. بۆیە دیدارەکەی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ ماکرۆن ئاماژەیە بۆ ئاڵوگۆڕێکی دیپلۆماسی واتادار، کە رۆشنایی دەخاتە سەر روانگەی هەردوو سەرکردەکەی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی

نێوەڕاست سەبارەت بە دۆخی گرژی غەززە. هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، پرسێکی مشتومڕهێنی جیهان بووە. لە کاتێکدا ئیسرائیل دەڵێت بەرگری لە خۆی دەکات لە بەرامبەر هێرشە موشەکییەکانی حەماس، کە گرووپێکی چەکداری ئیسلامییە و غەززەی کۆنترۆڵکردووە، وێرانکاریی بەربڵاو و ژمارەی بەرزی قوربانییانی سڤیل، رەخنەی نێودەوڵەتی لێکەوتووەتەوە.

بڕیاری ماکرۆن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ بارزانی، ئاماژە بە رێبازێکی چالاک بۆ یارمەتیدان لە نێوەندگیریکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخە ئاڵۆزە دەکات. سەرۆکە فەرەنسییەکە پێشتر پابەندبوونی وڵاتەکەی بە چارەسەری دامەزراندنی دوو دەوڵەت بۆ ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین دەربڕیوە و، بەو جۆرەش رێزی لە مافی هەردوولا بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە گرتووە. پێدەچێت پەیوەندیی ماکرۆن لەگەڵ بارزانی لەسەر ئەم پرسە، بەشێک بێت لە ستراتیژیی فراوانتری فەرەنسا بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. جگە لەوەش، فەرەنسا هەر لە کۆنەوە هاوپەیمانێکی نزیکی عێراق بووە و ئەم کۆبوونەوەیە جەخت لەسەر بەردەوامیی ئەو پەیوەندییە دەکاتەوە. هەروەها کۆبوونەوەکە دەرفەتێک بوو بۆ هەردوو سەرکردەکە تا پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستانی عێراق تاوتوێ بکەن.

بەدرێژایی ساڵانی رابردوو، فەرەنسا پشتیوانێکی بەرچاوی هەرێمە خۆبەڕێوەبەرەکە بووە و بەشداری لە گەشەسەندن و سەقامگیرییەکەیدا کردووە. بۆیە رەنگە گفتوگۆکان لە قەیرانی هەنووکەی غەززە زیاتر درێژببنەوە و هاوپەیمانیی ستراتیژیی درێژخایەن و هاوکارییەکانی نێوان فەرەنسا و کوردستانی عێراق بگرنەوە. هەروەها پێشبینی دەکرێت گفتوگۆکانی ماکرۆن لەگەڵ بارزانی کاریگەرییان لەسەر گفتوگۆکانی داهاتووی سەرۆککۆماری فەرەنسا لەگەڵ زلهێزەکانی دیکەی جیهان هەبێت. فەرەنسا بەهۆی ئەوەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە، رۆڵێکی یەکلاییکەرەوەی لە داڕشتنی وەڵامە نێودەوڵەتییەکان بۆ ململانێکان هەیە. لەوانەیە ئەو تێگەیشتنانەی لەم کۆبوونەوەیەدا بەدەستهاتوون، هەڵوێستەکانی فەرەنسا لە گفتوگۆکانی داهاتووی ئەنجوومەنی ئاسایش سەبارەت بە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە زانیاریدار بکەن.

دیداری نێوان ماکرۆن و بارزانی، گرنگیی گوتوبێژی دیپلۆماسی لە گەڕان بەدوای چارەسەر بۆ قەیرانە جیهانییەکان دەردەخات، رۆڵی سەرکردەکانی جیهان لە داکۆکیکردن لە ئاشتیدا بەهێزتر دەکات و جەخت لەسەر پێویستیی تێگەیشتن لە روانگە جیاوازەکان لە دۆخە جیۆساسییە ئاڵۆزەکان دەکاتەوە. راگەیاندنی کۆشکی ئێلیزێ زانیاری وردی سەبارەت بە ئەنجامی کۆبوونەوەکە نەخستەڕوو، بەڵام روونە کە گفتوگۆی نێوان ماکرۆن و بارزانی، رۆڵی دەبێت لە دروستبوونی گوتارێکی نێودەوڵەتیی فراوانتر سەبارەت بە ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین. لەگەڵ بەردەوامبوونی جیهان لە

چـاودێریکردنی دۆخـی گرژیـی غەززە، ڕۆڵـی دیپلۆماسـیی نێـودەوڵەتی لە چارەسـەرکردنی ململانێکـان و پێشخسـتنی ئاشـتیدا گرنگتـر دەبێـت. لە کاتێکـدا جیهـان چـاوەڕێی ئەنجـامی بەرجەسـتە لەم دیـدارە بـاڵایە دەکـات، بەدڵنیـاییەوە گفتوگـۆی نێـوان ماکرۆن و بـارزانی ڕەهەنـدێکی نـوێ بـۆ گفتوگۆکـان سـەبارەت بە هێرشی ئیسـرائیل بـۆ سـەر غەززە زیـاد دەکـات. ئەمەش جەخت لەسـەر گرنگـی هەوڵە دیپلۆماسییە بەردەوامەکـان دەکـاتەوە لە بەڕێـوەبردنی قەیـرانە جیهانییەکـان و پەرەپێـدانی ئاشـتی لە ناوچە پڕ ململانێییەکان.

سەرچاوە: گۆڤاری دیپلۆماتیک ئەفێیەرزی سویسرا

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

---

کۆکردنەوە ئاماکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزڵوەری ٢٧٢٣ی کوردی – نوڤەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی

---